
دیوانی وەلی دێوانە

سۆرانی و هەورامی



وەرگێڕاوی رازی

هەوڵ بدا نووسراوێک وەک دیوانی «وەلی دێوانە» لە شێعری هەورامی یەوە وەرگێڕێ بۆ سەر شێوەی سۆرانی، هەر بە شیعر بـە ڕەنگێکی قـەشـەنگی دڵچەسپی تەڕی مەزەداری پاراو.

کاک «ڕازی» ئەم نوسراوە، یان ئەم گوڵدەستەیەی بۆ ناردم کە بی خوێنمەوە و بۆی هەڵسەنگێنم و چەوتە و چێڵەی بگرمەوە و خراپی لە چاک جیا بکەمەوە و بە قەڵبیری ووردبینی گێژ و تەڵەی بکەم و بە پاک و خاوێنی بۆی بنێرمەوە.

بەڵێ، منیش چاوێکم لێ کرد و بە دووچاو زۆر بە ووردی و لەسەرخۆ دوو سێ جار خوێندمەوە و سەر و خوار و سەر و ژوورم کرد، بەڕاستی و بە پێ ی زانینی خـۆم، لەم بـازاڕەدا ئـەم «دیـوانـە»م زۆر بـەدڵە و لە لام بـاشـە و زۆر دڵپەسەندی ئەکەم وە هیچ کەم و کوڕی یەکم تیا نەدی. ئەم دیوانە کەلێنێکی گەورەی لە مەکتەبی کوردی‌دا پڕ کـردۆتەوە. وە هـیوای بـەتین و ئـومێدی گەورەم ئەمەیە کە کاک «ڕازی» هەر بەم نوسراوە بەنرخەوە نەوەستێ، بەڵکو ناو بە ناو شـتی ئـاوا بـەتام و ڕەنگ و بـۆ، بـخاتە ئـاراوە، تـا هـەموان لێ ی بەهرەمەند بن و وێژەر و هونەری تریش چاوی لێ بکەن.

خوێنەرەوەی بەڕێز لە بارەی ئەم چەند دێڕەی کە من نوسیومە، ئەگـەر باوەڕ ناکەی، ئەوە ئەرز و ئەوە گـەز، کـاک «ڕازی» دوکـانەکـەی وا لەسـەر شەقامی مەولەوی، بچۆ دیدەنی یەکی بکە. ئەبینی کە کاک «ڕازی» هەرچەند ئەدیب و شاعیرە، خۆش ڕوو و خۆش نوکتە بازیشە، هەرگیز مـیوان لەلای وەڕەس نابێ، بەڕۆژ خەریکی سەعات سازی یە و بە ڕەنجی شان و هەنای چاو «نان» بۆ ووردەکانی پەیدا ئەکا، بە شەویش خەریکی هونراوە و وێژە و کۆکردنەوەی کەلەپووری نەتەوایەتی یە، لە «خوا»م داوایە سەرکەوتووبێ.

سولەیمانی موحەممەد موستەفا کوردی

ئەمەش دەقی نوسراوەکەی کاک «صابر رازی»یە...:

ناوم «صابر سعید شکری»یە، نازناویشم (ڕازی)یە، لە ساڵی ١٩٣٧ی زایینی لە شاری (سلێمانی) لەگەڕەکی (مەلکەندی) پێم ناوەتە ژیان و هاتومەتە ئەم جیهانە پڕ ئەشکەنجە و ئازارە، هەر بە منداڵی مەینەت یەخەی گرتم، جیاوازی کەوتە نێوان باوکم و دایکم، ئەوان لێک جیا بونەوە، منیش کەوتمە ژێر جەوری باوەژن و چەپۆکی ڕەشی زەمانە، جا لەبەر ئەم هۆیە، نەنێررامە قوتابخانە و دڵسۆزێکم نەبوو دەستی یارمەتیم بۆ درێژ بکا، بۆیە ئەڵێم: نەلە قوتابخانە خوێندومە، نەلای مەلا، ئەم کوێرە خەتەیشم لە هەوڵ و کۆششی خۆم چنگ کەوتووە، هەر لە منالیمەوە زۆر ئارەزوی هۆنراوە و چیرۆکم ئەکرد، هەرکەسێک هۆنراوەیەکی بخوێنایەتەوە ئەوەندەم ئارەزو لێی بوو هەرچۆنێک بوو ئەو هۆنراوەیەم لەبەر ئەکرد،، ئێستا کەوتومەتە ژێر باری پەروەردەی ماڵ و مناڵ، ئەگەر ماوەیەکی کەم دەرفەتێکم بێ، دەست ئەدەمە پێنووس و چیم بۆ هەڵسووڕا شاش و شەش تەقەڵ پێکەوە ئەنێم، ئەمەش بۆیە ئەکەم هەتا نوسینانە بەرەو ڕێیەکی ڕاستم ببا و بمگەیێنێتە ئاواتی دڵ، ئینجا نازانم ئەگەم بەو ئاواتە یان‌نا، ئەمە کورتەی ژیانمە و ئەڵێم:

نە بەکاوڕی تێرگیانە نە بەبەرخی تێر شیر

ئـیتر لەم ژیـــنە تـاڵە چـیم بـێتەوە بـیر

ڕازی

کورتە باسێک لە کۆکردنەوەی بەرهەمی «وەلی دێوانە»

وەکو بەرهەمی زۆربەی شاعیرەکانمان دەماودەم و پشتاوپشت هۆنراوەکانی «وەلی دێوانە» بیستراون و وەرگیراون، جارجارەش بڵاو بونەتەوە، بۆ یەکەم جار پرشنگی هۆنراوەکانی «وەلی» لەسەر لاپەڕەی ژیان...و...ژین...خۆی نواند بە شێوەی سلێمانی لە ڕۆژنامەی «ژیان و ژین»دا بڵاو ئەکرایەوە، بەڕاستی هونەری نەمر «پیرەمێرد» هەوڵێکی زۆری ئەدا لەپێناوی زیندو کردنەوەی شاعیرە کۆنەکان و هۆنراوە بەنرخەکانیانی بەشێوەیەکی ـ هەتا حەز ئەکەی ـ ڕێک و پێک و جوان ئەی خستنە پێش‌چاوی خوێندەوارانی بەڕێز.

تا لەساڵی ١٩٧٠ز کاک «مەحمود خاکی» هۆنراوەکانی «وەلی دێوانە»ی بە هەردووشێوەکە کۆی‌کردنەوە و چاپی کردن، بەڵام بەداخەوە هەندێ کەم و کوڕی تیا بەدی‌ئەکرا، تەنانەت هۆنراوەی شاعیرەکانی‌تری تیا ئەبینرا، وەکو: «بێسارانی» و هی تریش، بە هەرحاڵ کاکی بەڕێز شایانی ڕێزە.

دیسان لە ساڵی ١٩٧٦ز «وەلی» بۆ جارێکی‌تر خۆی نواند، بەڵام بەشێوەیەکی ڕێک و جوان و شێوە ئەسڵیەکەی لە کۆکردنەوەونوسینی مامۆستای بەڕێز کاک «عوسمان هەورامی» و (کۆڕی زانیاری) چاپی کردووە، بڵاوی کردەوەتەوە.

چی! پاڵی پێوەنام بۆ گۆڕینی هۆنراوەکانی «وەلی»؟: کاتێ دیوانە جوانەکەی «وەلی» کەوتە بازاڕەوە، زۆر کەسم ئەدی بەدەستیەوەبوو بەدەم ڕێوە ئەیان‌خوێندەوە، کاتێ زانیم هاوڕێیەکم هاتەلام دیوانەکەی «وەلی»

بــەدەستەوە بــوو وتــم: هــاوڕێم هــۆنراوەکــانی «وەلی»ت بــەلاوە چــۆنە؟ بەساردی‌یەکەوە وەڵامی دامەوە و وتــی: بــرا بــەڕاستی هــەرئەو دوو ســێ هۆنراوەیەی هەیە کە کراوە بەگۆرانی. ناحەقیشی نیە!، چونکە هــەرلەو دوو سێ هۆنراوەیــە ئــەگــەیشت کــە هــونەری بــەڕێز و نــەمر «پیرەمێرد» وەری گێڕابوو، منیش وتم: نە کاکی‌خۆم هەتا بڵێ‌ی هۆنراوەکانی بەتام و بەکــوڵە هۆنراوەی لە هۆنراوەی تــەڕ و پــاراوتــرە، تــۆیش نــاحەقت نــیە، چــونکە لە شێوەکەی تێ‌ناگەی، خــۆزگە ســەد خــۆزگە...! هــونەری نــەمر «پــیرەمێرد» هەموی وەرگێڕایەتە سەر شێوەی سۆرانی، تا هەموو خوێندەوارێکی بەڕێز باش لە سۆزی دەروونی «وەلی» تێ‌بگەیشتایە، هەر لەوکاتەدا بــڕیارمدا کــە هۆنراوەکانی «وەلی» کەم و زۆر کە لەم (دیوان)ەدایە بی‌گۆڕمە سەر شێوەی سۆرانی، هەرچەندە شێوەی (سۆرانــی) و شــێوەی (هــەورامــی) هــەردوولا هەرکوردین و (ئاری) نەژادن، بەڵام لە وتوووێژا هەندێ جیاوازی تیایە.

با بینە سەر باسی گۆڕین: گۆڕین لە شێوەیێ‌کەوە بۆ شێوەیەکی‌تر هەروا سادەنیە، گەلێک دیققەت و تەواناییی‌ئەوەی بەتایبەتی هۆنراوەکێش و قافیەی ئەوێت، سۆز و تینی هەیە، جا ئــەوەش لە ووزەی زۆرکــەسدا نــیە، ئــەوەی بــێتەسەر ئــەم ڕێگــەیە ئــەبێ دەســتێ بــەهێزی هــەبێ لە نــاسینی وێــژە و هۆنراوەدا، منیش هاتمە سەر ئــەم ڕێــیە و دەستلەدەست و تــەوانــایی لە یەزدانی بێ‌نیاز، هەرچەند هەوڵی زۆرمدا لەپێناوی ژیان و بەسەرهاتی ئــەم هونەرە بــەنرخــە، لە ئــەنجامدا بــە یــارمەتی چــەند دڵــسۆزێک و بــە هــەزار کوێرەوەری گەیاندمە ئەم جێ‌یە کەوا کورتەیەک لە ژیانی «وەلی» و «شەم» پەیاکەم.

کورتەیەک لە ژیانی «وەلی دێوانە»

هونەر ناوی «وەلید»ە کوڕی کوێخا «موحەممەد»ە، کوێخا موحەممەد کوێخای هۆزێ‌بوو لە تیرەی (کەماڵەیی) باوکی «وەلید» بە کوێخا (حەمە سوور) بەناوبانگ بووە، گەلێک داراو خاوەن ماڵات بووە، هەتابڵێ‌ی دەست و دڵ‌خاوێن و خێرخوا بووە، لەبەر ئەوەی زۆر حەزی لەڕێ‌ی خواناسین و پیاوچاکی کردوە، پەیمانی لەگەڵ خوای خۆیدا بەستوە کە خوا ئەولادی نێرینەی پێ‌بەخشی ناوی‌بنێ «وەلید...» چونکە (خالیدی کوری وەلید) گەلێک تێ کۆشاوە لەڕێ‌ی دین و دیانەتدا، بۆیە «کوێخا»ش ئەم‌شەرتەی کردوە.

تا لەسالی ١١٨٠کۆچی، «وەلید» پێ‌ی‌نایە ناو دونیای پڕ لە کوێرەوەری و دڵ‌شکاوی. بەڵێ... خوا کوڕی بەکوێخا بەخشی‌و ئاواتی هاتەدی‌و ناوی‌نا «وەلید»، ئەوساڵەی خوا «وەلید»ی بەخشی بەکوێخا، هۆزی کوێخا لەدشتی (شاکەل) و (شیروانە) هەڵیان‌دابوو، کوێخای باوکی وەلیدی زۆر خۆش ئەویست وە بڕیاری‌دا کە مامۆستایەکی بۆ پەیدا بکاو فێری قورئان و خوێندنی بکا، خۆی گەیاندە شاری (سلێمانی) لەپاش هەوڵ‌دان‌و ڕاسپاردنێکی زۆر فەقێ‌یەکی لە مزگەوتەکاندا پەیداکردو بردی بۆ هۆزەکەی، هەم بۆ پێش‌نوێژی، هەم بۆ فێرکردنی «وەلید»، فەقێ بوو بە مەلای خێڵ، ناوی فەقێ «یوسف» بوو پێ‌یان ئەووت «مەلا یۆسۆ»، مەلا یۆسۆ... زیرەک و پاک و خاوێن بوو، کوێخا زۆر چوو بە دڵ‌یا وە هەر لە هۆزەکەی خۆی ژنی بۆهێنا و هەندێ ئاژەڵ‌و ماڵیاتی پێ‌بەخشی. «مەلا» بوو بە مەلای یەکجاری‌یان، «وەلید»ی فێری خوێندن و خوێندنەوە و نوسینی کرد،

خوێندن و خوێندنەوەی «وەلید» دەنگی دایەوە لە هەموو هۆزو تیرەکانی «کەماڵەیی»دا هەتا دەنگ گەیشتە هۆزی باوکی شەم.

کورتەیەک لە ژیانی «شەم»

شەم ناوی «شەمسە»یە کچی «کۆیخا قادر»ە، کۆیخا قادر کوێخای هۆزێکی تر بوو هەر لە تیرەی (کەماڵەیی)ە کۆیخا زۆر هەوڵی دا نە فەقێیەک نە کۆلکە مەلایەکی دەست نەکەوت، پەنای بە کوێخا «حەمەسور» برد کە «شەمسە»ی کچی بنێرێتەلای «مەلا یۆسۆ» بخۆێنی، «مەلا یوسف» ماموستای «وەلید» دەرسی بە «شەمسە»ش ئەووتەوە، ماوەیەکی زۆر بەیەکەوەبوون، تا تەمەنی دڵداری‌یان ڕیشەی دڵیانی لەیەک ئاڵان و پەیمانی خۆشەویستی‌یان مۆرکرد، «مەلا یۆسۆ» هەستی پێ‌ئەکردن و باوکی «وەلیدی»ی ئاگادار کرد، باوکی پێ‌خۆشحاڵ بوو ووتی مەلا...!ئەمە هەموو ئاواتی‌منە کە هەتا ماوم و نەمردوم بەم ئاواتە بگەم، ئەچین و داخوازی «شەمسە»ی بۆ ئەکەین.

داخوازی «شەمسە»ی بۆ کرا، دەست ماچ ئەکرێ و باوکی «شەمسە» ئەڵێت:کوێخا موحەممەد با ئەمساڵ بە دەزگیرانی بیان هێڵینەوە تا لە کوێستان بگەڕێنەوە، هەردوولا بە چاکیان زانی، بەڵام قەدەر چی ڕێک ئەخا، ئەوە کەس نازانێ!!!

ئەو ساڵە لە (هۆبەتو) لە ناوچەی (دیواندەرە) مانەوە، لە هاتنەوەیاندا بۆ گەرمیان هەردوولا لە چەند جێ‌گەیەکدا نزیک یەک هەڵیانداوە، تا ڕۆژی قەدەر ڕەنگی ناکۆکی ڕشت و لەسەر لەوەڕگە و پووشی دەشت ناخۆشی کەوتە بەینی هەردوولا، لە بەینی دوو هۆز بوو بە لێکدان و یەکتری دانە بەر

تەقە، هەتا شەوێک!؟ هاتنە سەر دەواری ماڵی باوکی «وەلید»، تەقەیان کرد لە دەوارەکانی کوێخا، «حەمە سور» کوڕێکی تری ئەبێ لە «وەلید» منداڵتر ئەکەوێتە بەر تەقە و ئەمرێ، بەمە کۆستی ـ «وەلید»ی قوڕ بەسەر ـ ئەکەوێ، دیسان کوێخا «حەمە سوور» لە تۆڵەی کوڕەکەی دوو پیاو لە هۆزی کوێخا «قادر» ئەکوژێ، ئیتر بەتەواوی ئاگری شەڕ و ئاگری دڵی «وەلید» کڵپە ئەکا و پەرە ئەسێنێ، «وەلید»ی هەژار تەنانەت ناتوانێ لە دووریشەوە «شەمسە» ببینێ.

بە تێ گۆنەی «شەمسە» بوو بە مۆمێکی کافووری سپی داگیرسا و دڵێ وەک «وەلی» هەژار بوو بە پەروانەی ئەو، ئەوەتا بە نائومێدی‌یەوە ئەڵێت:

پەڕی ڕەش‌ماڵان، پەڕی ڕەش‌ماڵان
دەلیل بچۆ لای پەڕی ڕەش‌ماڵان
لای «شەم»ی بەزمی شادی‌پەروانان
پێش‌ڕەوەی پۆلی دیدە قەترانان

یان ئەڵێت:

سەر هەر لە سەودای عەشق‌بازی‌یە
دڵ هەر نیشانەی تیرئەندازی‌یە

بەڵام:

پێم بە داوەوە شەتەک دراوە دڵم پڕ ئێشە جەرگم بڕاوە

ئەمە بوو ژیان و بەسەرهاتی «وەلی» کە دوای هەوڵێکی زۆر تا بەدەستم هانی، ئەویش چۆن!؟، بەشێک لە «پێشەکی»یەکەی کاک «عوسمان هەورامی» و بەشێکی تری لە «کەشکۆڵ»ی دەسنووسی «نجم‌الدّین مەلا»، وە چەند پرسیار لە پیاوانی شارەزا و «وەلی» دۆست.

بۆ بەڵگەی خوێندەواری «وەلی»، ئەم دوو بەیتەی دەری ئەخاکە «وەلی» خوێندەوارێکی باش بووە، وەک ئەڵێت:

بنیان نەڕوی (تـاق) مـەجموع فـەردم
بنویسان وە(شەسـت) دەست ئەو مردم
تـــا هــەرکەس ویـــنۆ مـیڵ و مـەزارم
بزانۆ کوشتەی ئـەو «شـەم» ڕوخســارم

بەم ماناکە: پێش مەرگی وەسیەتی کردووە ئەم دوو بـەیتە لەسـەر کـێلی گۆڕەکەی بنوسن، هەرچەند لەو سەردەمەدا لەکێل نوسین باو نەبووە.

هەروەها «شەم»یش قورئانی خەتم کردووە، «وەلی» لە سـەرەمەرگدا لە وەسیەتەکەیدا ئەڵێت: تۆخوا «شەم» ئاگادار بکەن با بێتە ژوورسـەرم و بـە دەنگی خۆشی (یاسین)م بخوێنێ، با بـەدەم دەنگـی سـازی ئـەوەوە گـیانم دەرچێ، وەک ئەڵێت:

وەســـیەتم ئـیدەن شـای شـەم ڕوخســاران
بــــەی وە بــاڵینم چـــون بــەینەتداران...
بێ خۆف و ئەندیش جە کەس نەکەی شەرم
هــورداره پــەردەی حــیجابت بــە نــەرم
نـــەپۆشی جـــەبین «شـــەمس» خـــاوەری
بــەو وە زانــوودا چـــون ئــاسمان پـەری
بـــــــنیشە وە بــــان بـــاڵینم وە نــــاز
بـــوانـــە ســورەی (یــاسین) وە ئــاواز

«وەلی» زۆر شارەزایی لە زمانی (فارسی)دا هەبووە، ئەمەش بە بـۆنەی تەواو کردنی (گوڵستان)ی «سـەعدی» کـە لای مـەلایۆسف خـۆندبوی. لە

هونراوەیەکدا کە وەڵامی «ڕەنجوری» ئەداتەوە ناوی زۆر لە شاعیرەکانی پێش ئەبات، وەک: (جامی، مەسنەوی، عیسمەت، شەوکەت، و...) چەندێ‌تر. لە جێگەیەکی‌تر ڕەنجوری لە «مەرسیە»کەیدا، واتە: لە شیوەنەکەی بۆ مەرگی «وەلی»، «وەلی» بە (میرزا وەلی) ناو ئەباو ئەڵێت:

حەیفا حەیف، ئەی چەرخ چەواشەی چەبگەرد

«میرزای» نادرەی ڕۆی ئەییامش بەرد

لە سەردەمی پێش، یەکێ خوێندەوار بوبێ لە نەخوێندەوار جیایان ئەکردەوە و پێیان ووتوە (میرزا)، جا لێرەش دەری ئەخا، کە وەلی «میرزا وەلی» بووە.

یان ئەڵێن لە سەرەتاوە «وەلی» هەر نەبووە، ئەم چەند هۆنراوەیە هی هونەری نەمر «پیرەمێرد» بووە، لەبەر ئەوە کە لە هۆنراوەی دڵداریدا نەی ویستووە خۆی ئاشکرا بکا، ئەم (وەلی دێوانە)یە بۆخۆی داناوە.

وەک ئەزانین هۆنراوە مڵکی هونەرە، جا هەیە خاوەنی مڵکێکی زۆربێ بەڵام تاپۆکەی بخاتە سەر یەکێکی‌تر، کەوابوو ئێمە هەر خاوەن تاپۆ، بە خاوەن مڵک دابنێین، یان هونەرێکی وەک «پیرەمێرد» کە پێ‌نووسی کوردی لە خۆشی ئەو زوبانی گرت، ئێستا بۆچی لەم هۆنراوە دڵڕفێنە سوتێنەرانە خۆی کەنار بگرێ.

من ئەڵێم: نەخێر ئەمە هەرگیز لە «پیرەمێرد» ناوەشێتەوە وە یان «پیرەمێرد» بۆچی ئەم هۆنراوانەی بە شێوەی هەورامی ووتوە، ئیتر نازانم بڕیاری چی بۆ ئەدەن وایە یان نە...؟

ڕازی

فەڵەک هەتاکەی

فەڵەک هەتاکەی، فەڵەک هەتاکەی...
فەڵەک لە دەرگات سزام هەتاکەی...
تاکەی پەشێوحاڵ ڕەنگم زەرد، وەک بەی
تاکەی ناڵەناڵ بناڵم چون نەی
تاکەی لەش بەبار لە خاکا کەوتوو
تاکەی دەرد و ئێش بمکا بە مردوو
تاکەی فریشتەم چاوی لە خەو بێ
تاکەی ڕۆژی ڕوون لەلای من، شەو بێ
تاکەی بڵێسەی گیانم، لە تاو بێ
تاکەی خۆراکم خوێن و زوخاو بێ
تاکەی ئاگری دەروونم گەش بێ
تاکەی لە شادی دڵم بێبەش بێ
تاکەی سکاڵام لە ڕۆژگاربێ
تاکەی دەربەدەر جێگەم «کۆسار»بێ

تـــــاکـــــەی ژیـــانم لە یـــاران جـــیابێ
تــاکــەی ڕووم لەکـەی ڕەشــی‌ی تـیابێ
تــاکــەی مـەینەتکێش دەردم کـاری‌بێ
تـــــاکـــــەی ژیـــــانم بـــێ‌قەراری بـــێ
تــاکــەی بـە حـەسرەت دڵـم تـاسا بـێ
تــاکــەی شـەش‌دەرم ڕێگـەی گـیرا بـێ
تــاکــەی «دێــوانـە»ت لە کـۆساران بـێ
تــاکــەی فــرمێسکم تــاوی بـاران بـێ
تــاکــەی بــێ مـروەت، بـزانـە حـاڵم...
تـــــاکــــەی بــە جــەفای تــۆوە بــناڵم
یـــا لەم بـــــەندەدا تـــۆ ڕزگـــارم کـــە
یـــا بـــە یـــەکـــجاری شـێت و هـارم کـە

***

هەرمن خەم‌بارم

یـاران خـەم‌بارم، یـاران خـەم‌بارم[1]
هەرمن سەرشێواو، هەرمن خەم‌بارم
هـــەرمن چـــاوەڕوان، نـیە قـەرارم
هـەرمن نـاساز و چـەوتە ڕۆژگـارم
هەرمن دڵ بەخوێن دیـدە پـڕئاووم
هـــەرمن لە خـــوێنی زامـان تـلاوم

١. سەردێرەکەی لە بابی: هەرمن خەم‌بارم، «یاران خەم‌بارم»ە.

هەرمن بە شیری خەم گۆشکراوم
هەرمن خاوەن دەرد هەم دڵشکاوم
هەرمن هیجرانبار من کەمدەماخم
هەرمن خانەخوێی پەژارە و داخم
هەرمن ئاوارەی کوچەی شارانم
هەرمن بەدبەختی ڕۆژگارانم
هەرمن دڵتەنگم لێوم بەبارە
هەرمن بە خەدەنگ جەرگم بوو پارە
هەرمن پەرێشان، هەرمن زوێرم
هەرمن برینداری پێکراوی تیرم
هەرمن چارەشوم ڕەشە ئیقباڵم
هەرمن لە جەوری گەردون ئەناڵم
هەرمن ناو جەرگم بە گڕ بریانە
هەرمن هەناسەم چلەی زستانە
هەرمن فرمێسکم تاوی بارانە
هەرمن ناڵینم دەردی هیجرانە
هەرمن خەم بە خەم ئۆگری کردوم
هەرمن سەر تا پێم خەم وونی کردوم
هەر خاکی منە بە خەم شێلراوە
هەرمن بەرانم ئاواتوسراوە

هەرمن«دێوانە»ی دووکەوتووی«شەم»م

هەرمن ڕەنجەڕۆ من هاوڕێ کەمم

([1]خەمە خۆراکم، خەمە بۆ بەرگم

خەمە نەشتەری داوە لە جەرگم

ئاخ و داخ و ئێش، هاوار و ڕۆڕۆ

ئەمانە هەموی لای‌من بوونە کۆ

شوکرم بە کردەت کارسازی کاران

ئەی ئاگاداری دڵەی بیماران

بە فەرمانی تۆ دروست کراوم

بۆچی لەقاپی تۆ دەرکراوم

بێ لە خەم و دەرد هیچت نەدا پێم

ڕوویەکی خێرت نەکردەوە لێم

دڵم لەت‌لەتە بە دەرد و مەینەت

نەخۆشیم بینی نەچەشتم لەززەت

ئەوەندەم خەفەت کۆکرد لەناو دڵ

وەختە گیان دەرچێ بمنێنە ناو گڵ)

***

---

١. لەم شیعرەوە من بە هی «وەلی» تێ ناگەم، بەڵام تێکەڵ بە شیعرەکان «وەلی» بوە و بە هی «وەلی» ناسراوە منیش ناچار وەرم گێڕاوە و وەکو خۆی نوسیمەوە.

یاران لە جەرگم

یـــاران لە جــەرگم، یـاران لە جــەرگم[1]
«شەم» شـێوەی تـیری داوە لە جــەرگم
کــەوتمە گـــیانەڵڵا دواکـــاتی مــەرگم
مـــەمشۆن و کـفن مـەکـەن بـە بـەرگم
تکـــایە مـەیشۆن جـێی بـرینی لەش
با لە زام بـتکێ تکـەی خـوێنی گـەش
شـــەهید بـــێ کـفن و بـێ شتن چـاکـە
هەرکەس شەهیدبێ بـێ گـەرد و پـاکـە
بـــــەڵام وەســـــیەتم ئـــەمەیە یـــاران
دوور لە وڵاتــــــم وام لە دیـــــاران
تـۆخوا بـا گـۆڕم لە ڕێی خـێڵان بـێ
لەسەر ڕێگای «شەم» شاخی گێڵان بێ
کـــێلێکی بـــەرز بـەقەد بـاڵای «شـەم»
لەسەر گـڵکۆم بـێ بـەبێ زیـاد و کـەم
تـــاقی بـــەوێنەی تـــاقی بـــرۆی ئـەو
سوژدەگای دڵبـێ بـە ڕۆژ و بـە شـەو
لە ڕوی بـــــنوسن هـــــۆنراوەکـــانم
کە بـە تـیری «شـەم» دەرچـووە گـیانم

---

١. ئەم شیعرە لەسەر شێوە ئەسڵیەکەی وەرگێڕاوە.

تـــا هـــەرکەسێ دی کـــێل و مـــەزارم
بـــزانـــێ کـــوشتەی دەســـتی دڵـــدارم
چـــونکە «شـــەم» گـــۆنا تـــاتاری چـــینە
لە دەشت بـــــێزارە چـــــیا نشـــــینە
ڕۆژێ هـــــەڵکـــەوێ لە ڕێگـــوزارێ
ڕێگـــەی بـــنێتە ســـەر گـــۆڕم جـــارێ
بـــزانـــێ کـــوشتەی ئـــاخ و داخی دڵ
ئـــێش و ئـــازاری بـــردەوە تـــۆی گـــڵ

***

دڵ بریانێ بێ

دڵبـــــریانێ بـــــێ، دڵبـــریانێ بـــێ
دەروونپـــڕدەرد بـــێ، بـــا حـــاڵزانـــێ بـــێ
تۆ مەینەتکێش بی، ئەویش بە خەم بـــێ
تۆ وەک «پەروانە»، ئەو وێنەی «شەم» بێ
بـــۆ کـــەسێ دڵت لە خـــەم کـــەیل بـــێ
تۆ «مەجنون»ی وێـڵ، ئەویش «لەیل» بێ
داخت بـــۆ یـــەکـێ ئـــەویش داخدار بـــێ
خـــەمخۆر و دڵســـۆز هـــەتاسەر یـــار بـــێ
خـــــۆشە دڵـــداری لە هـــــەردوسەر بـــێ
نـــەک تـــۆ بســـوتێی ئـــەو بـێخەبەر بـــێ

نەک بەوێنەی «شەم» ترسی خوای نەبێ
لە پـــەروانـــەکـەی هـیچ ئـاگـای نـەبێ
دەربـــــەستی ئـێش و ئـــازاری نـــەبێ
ئــــاگـــای لە نـــاڵە و هـــاواری نـــەبێ
دڵـــــە، دەخـــــیلە دســـتم بـــە دامــان
بێسوود مـەکـێشە جـەفای بـێ سـامان

***

ئەی نائومێدی

ئـــــەی نـــــائومێدی، ئـــــەی نـــائومێدی
ئـــــەی ڕەنــــجەڕۆیی، ئـــەی نـــائومێدی
یاران ڕۆژڕەشـی وەک مـن کـوا؟ کـێ دی؟
دەردی مـــــــــەجنونم هــــــێناوەتە دی
شـــاخ و هـەرد و چـۆڵ گـەڕام سـەرانسـەر
لە تــــــوناوتونی «بـــــابا» چـــــوومەدەر
هەردی (نجد)گەڕام جێی «قەیس»ی داماو
وێـــنەی «پـــەروانـــە»ی پـــەڕوباڵ ســـوتاو
هـــاتمە ئـــەو شـوێنەی مـاوام قـیبلەم بـوو
ئەو جێگەی کە زووا جێوڕێی «شەم»بـوو
چـــــیمدی؟ هـــەواری چـــۆڵ و وێـــرانـــە
بـــــایەقوش تـــــیایا کــــردبوی لانـــــە

نـــــەمابو دەنگــــــی هــــەیاهوی جــاران
بــــێخشپەو ســـامناک وێـــنەی مـــوغاران
پــــــرسیم بـــــایەقوش هــاودەردی دەردم
دۆســـــتی هـــاوڕاز و هـــەناسەی ســـەردم
مـــن «پــروانـــە»کـــەی وێـڵ و «دێـوانـە»م
جـــێگـیری «قـەیس»ی ڕیسـوای زەمـانەم
پــــەڕوپۆ ســــــوتاو لەخــــێڵ جــێماوم
تــیری عـــەشقی «شـەم» لە جـەرگی داوم
بــــایەقوش وتــــی شـــێتی ســـەوداســـەر
ڕیســـــــوای زەمـــانە، وێــڵی دەشت و دەر
خــێل پــێچایەوە چـــووۆ بــۆ (لەیــلاخ)
بۆ من جێی چۆڵ ما، بۆ تـۆش ئـاخ و داخ
لە شــــــومی چـــــارەم مــــن وامــاومەوە
بــــــــە نــــــائومێدی بــــەسەودامــــــەوە
ئــاخ! چـــیبکەم لەدەس چـــەوتی زەمـانە
ڕوو لە هـــــەرکوێکــــەم بــــۆتە وێـــرانــە

***

ڕوناکیم لەسەر

ڕونــــاکـــــیم لەســـەر، ڕونـــاکـــیم لەســـەر
هـــەرمن نـــیمسەودای عـــە شـــقیتۆم لەســـەر

وێنەی من زۆرە، لەت و پەت جگەر
لە عەشقی بالآت وێڵن، دەربەدەر
هەرلایەک ئەچم هەرباسی تۆیە
هەرکەس ئەبینم هەراسی تۆیە
لەناو جوانآندا جوانیی تۆ تاکە!
شاهان حەسرەتمەند گەدا خەمناکە
چەند موسوڵمانت تۆ بە (نارت) کوشت
بە نیگات خوێنی چەن دڵدارت ڕشت
چەند مورشید شێت بوون، چەند سۆفیان وێڵ
دڵبەستەی عەشقت لاوانی گشت خێڵ
«فەقێ»ت ڕیسواکرد، «مەلا» سەرگەردان
«شێخ» دەربەدەر بوو، «دەروێش» لە هەردان
وێنەی پەروانە و بولبوڵ شەیداتن
دڵانی پڕدەرد هەر لە سەوداتن
تۆ وێنەی «تەرسا» جوان و نازەنین
پیری «سەنعان»ی ی لائەدەی لە دین
ئەوڕۆژە جوانیت خوا کردی پەیدا
سۆفی و دەروێش و مورشید، بوون شەیدا
لە چاووت هەیداد لە بالآت هەیڕۆ!
سەرسام! سەرگەردان!، عالەم لە تاو تۆ

لە شـــاران هـــاوار، لە خـــێڵان غـــەوغا
هـــەرکەس ئـــەبینم خـــەمناکـــەو شـــەیدا
گـــەر «فـــەرهاد» و «قـــەیس» بـــزانـــن خـــەبەر
دووبـــــاره لە خـــاک ســـەردێننەدەر
دێـــــن بـــە هـــەیاهووی قـــیامەتەوه
بـــــبینن جـــــوانـــی لەم قـــامەتەوه!
هـــەتا زیـــندووبم شـــای «شـــەم» جـــەبینم...
شـــــێت و خـــــەمبارم دڵ مـــاتەمینم

***

ڕوناکی باوان

ڕونـــاکـــی بـــاوان، ڕونـــاکـــی بـــاوان
سەرزەمین بە شـەوق ڕونـاکـی‌ت! ئـاوان!
بـــاڵات نـــەمامی نـــەوتولّی ســاڵان
ســـارای گـــوڵستان (جـــنّةالمأوىٰ)ن
پـــرچت پـــارێزەی پـــەخشانی کـــاوان
ئـــەگـــریجەت بـــاڵی «مـــراوی» ئـــاوان
یـــا وەک چـــنورەن لە ســـەرکلاوان
هـــەردێن و ئـــەچن لە دەوری چـــاوان
چاوت وەک چاوی «ئاسک»ی سەرئاوان
گـــۆنات «گـــوڵخونچە»ی تـــازە کـــراوان

سـینەت بـە «لیـمۆ»ی گـوڵبەدەم ئـاوان
بۆنخۆشن بە بـۆی «شـەوبۆ»ی شـەتاوان
خـاڵت «سـۆسەن»ی بـەر خـۆرەتاوان
مـن بـۆ ئـەوخاڵە (تـەرە)م لە بـاوان
نـەمامی هـەڵـچوو نـازداری عـەشرەت
دیـدە بـەخومار جـوانـی گـوڵڕومەت
کـەس نـیە وەک مـن بکـێشێ نـازت
مـنم هـەڵگری ڕاز و نـیازت
وێـڵم، ئـەگـەڕێم لە دووت ڕۆژ و شـەو
حـەرامـم کـردوە لە دووچـاوم، خـەو
لەوسـاوە تـیرت لە دڵـم داوە
چـۆڵ و وێـرانـەت بـە مـن کـرد ئـاوە
شـەووڕۆژ لەگـەڵ بـەختم دەعـوایـە
بـۆیە جـێم لەسـەر لوتکـەی «چـیا»یـە
فیدای چاووت بم چاوڕەشی چاوگەش!!!
بـەزەیی‌یەکت بـێ بـە مـنی چـارەڕەش

***

ئاخ! بۆ (خەسرەوخان)

ئاخ بۆ خەسرەوخان، ئاخ بۆ خەسرەوخان
ئاخ بۆ «خەسرەوخان» خانی خـانەدان
دارای گەنج و ماڵ خاوەن سپا و سـان

ئازا و چاونەترس شێری ڕووی مەیدان
دەست و دڵخاوێن بەڕەحم و ویژدان
ئەو بەخشەندەیە بە دڵی نەرمی
بەشەوق و زەوق و بە هەستی گەرمی
بۆ ڕاوو شکار بێ بۆ ئەم کێوە
ئەم «کێوە»ی منی «دێوانە»ی پێوە
بەچاو ببینێ جەستەی پەشێوم
وەک جانەوەری ناو دەشت و کێوم
بەزەیی یەکی بێ بە دیدەی نمناک
بە ئیشی زامم، بە لاشەی سەرخاک
بە ڕوت وقوتیم، تەنیایی، چۆڵم!!!
بە سەرینی بەرد، گیانی ناو خۆڵم
بە بێ کەسی یو سەرگەردانیمدا
بە زامی سەختی بێ ئامانیمدا
بە ئاه و ناڵەی نیوەشەومدا
بە ڕاپەڕینی شیرین خەومدا
بە نامورادی و ڕەشی بەختمدا
بە ناڵەی گەرم و زامی سەختمدا
بە شێواوی بەخت، شوومی چارەمدا
بە تکەی خوێنی جەرگی پارەم دا

بــە کــڵپەی گـڕی ئـاگـری جـەستەم
بە گـیانی کـفتی پـڕ ئـێش و خـەستەم
دڵــی بــێتەجۆش کــە دی ئـەحواڵـم
بــــپرسێ کــوشتەی کــام نــەونەهاڵم
تــێبگا کــە مــن لێرە چـی ئـەکـەم
بووم بە «پەروانە»ی گڕی گۆنای «شەم»
سەرمایەی شادیم کێ زەوتـیکرد لێـم
«پەری»ی کام جێ بوو هیچی نەهێشت پێم
«وەلی» بە خەیاڵ (نۆفەل)[1] یاد ئـەکـا
خۆی بە ڕۆناکی «شەم»ی شـاد ئـەکـا
خــۆزگە خـەیاڵم بـەڕاست ئـەگـەڕێ
دەلیـــــــلێکی وام بــــــهاتایە ڕێ
یا بە گەنج و ماڵ یـا بـە زۆری چـەنگ
شـادیکردایـە «پـەروانـە»ی دڵتـەنگ
بـەخشـەندە بـایە بـەوێنەی (حـاتەم)[2]
«شەم» بستێنێ بۆم، من شادکا بە«شەم»
بــەڵام، ئــاخ!، چـیبکەم لە ڕۆژگـارم
دڵســــۆزێ نــــیە بــێ بــە هــاوارم
مەگەر (یەزدان)ی خـاوەن دەسـەڵات
لەم بــەندە ســەختە ڕزگــارم بکــات

---

١. (نۆفەل) ئەو پیاوە بو کاتێ ویستی (لەیل) بۆ (مەجنون) بستێنێ.
٢. (حاتەم) ئەو بەخشەندەیە کە ناودارە و ناوی هەر نامرێ.

ئــەینا ئــەو (بــەند)ەی وابــە پـێمەوە
هــەتاکــو مــردن پــێ‌ی ئـەتلێمەوە

***

داخ هاتە سەر داخ

داخ هــاتە ســەر داخ، داخ هــاتە ســەر داخ
ئێش هـاتە سـەر ئـێش داخ هـاتە سـەر داخ
لە داخــی دووری شــای بــوڵەند دەمــاخ
من گەرمای (گەرمێن) ئەو فێنکی (لەیلاخ)
ئــــاخ و داخ و دەرد لە لام مــــایەوە
مــــاڵی بــــاوانی نــــەگــــەڕایــەوە
ئــەمساڵ نــەوبەهار لای مــن (دەیـجور)ە
چــــونکە چــــاوانــــی لە چــاوم دورە
ئــــەوا لە کــــۆیستان لەوپــەڕی خــۆشی
من مـام لە (گـەرمیان) بـۆ زوخـاو نـۆشی
ئــــەترسم بــــازی بــــازاڕی گــــەردون
لە گــەردولولی چــەرخــی دونـیای دوون
«مــــەجنون» بــە ئــازار ســەری نــایەوە
خــــەم بــۆ «فــەرهاد»ی هــەژار مــایەوە
یــەک یــەک یــارانـی لە ژیـن بـێزار کـرد
ڕۆژی ڕونــاکــیــان بــەشەوی تــار کـرد

بە جۆرێ عەشقی «مەجنون» تاوی سەند
بناغەی ژینی لەبێخا هەڵکەند
ئەترسم بەختی ناپوختم وابێ
میراتی ئەوان بۆ من جێ مابێ
«شەم»م بە هاودەم (ابن‌سلام)[١] بێ
منیش تا ماوم ئازار سزام‌بێ
خوایە ئەو بارە نەنێیتە شانم
گەر هاتوو ڕوی‌دا زوو دەرچێ گیانم
مەرگ چاکترە بۆ من لەو ژیانە
گۆڕ زۆر خۆشترە بۆم لەو زیندانە

***

ڕیسوای زەمانەم

ڕیسوای زەمانەم، ڕیسوای زەمانەم
«قەیسی» سەر شێواو سەحرای وێرانەم
«پەروانە»ی پەشێو ڕیسوای زەمانەم
بێزار لە ماڵم، شێت و «دێوانە»م
وێنەی بایەقوش شەو لە وێرانەم
جەرگ‌بڕاوی تەشەر و تانەم
بێزار لە بینین دیدەی یارانم
پاسەوانی دێر سەر دیارانم

١. (ابن‌سلام) ئەو کەسەیە کە «لەیل» شووی پێ کرد.

لە کـەس تـەوەللا لە دۆست بـێزارم
بـە شـەوو بـە ڕۆژ لە یـادی یـارم
عەسای خەم لەدەس مەی، خەم ئەنۆشم
سەرگەردانی خەم شڕەی خـەم پۆشم
سـزاو ستەمکێش بـەختی ڕەش بینم
«فـەرهاد»ی کـۆکـەن مـوغار نشـینم
شـەش دەری بـەختم ڕێی لێ گـیراوە
خـەمبار و دڵتـەنگ جـەرگم بـڕاوە
چەوت و لار و گێژ چەرخی چەپگەردم
دەردم گـرانـە دوور لە هـاودەردم
وەک سـەربزوتی قـەراخ ئـاگـرم
بە سروەی شـەماڵ زیـاتر گـڕ ئـەگـرم
دڵ پـڕ ئـازاری زەمـانەی دوونـم
پشـتم شکـاوە کـۆم و زەبـوونم
شـەو دیـدە بـێ‌خەو ڕۆژ بـێ‌قەرارم
گـیراوی جـەوری چـەوتی ڕۆژگـارم
بـێزار لە ژیـنم ڕازیـم بـە مـەرگم
بە نـەشتەری خـەم کـونکونە جـەرگم
چاو لەڕێی خێڵان ڕیسوای هـۆزانـم
بـە ئـاگـری عـەشق سـوتاوە گـیانم

هـــاورێی جـــانەوەر لە بـــیابانم
«قەیس»ی تانەکێش، چاو بە گـریانم
«پەروانە»ی شەوقی «شەم» ڕوخسارێکم
پـێکراوی تـیری مـوژەی یـارێکم
«حاتەم»ێکـی «تـایی» قـاتە لە بەختم
بەزەیی‌یەکـی بـێ بـە دەردی سـەختم
وەک «نۆفل» کێ‌یە بێ بـۆ ئـەم جـێ‌یە
بـبینێ «قـەیس»ی دووهـەمی لێ‌یـە
خەیاڵ چەندخۆشە بـۆ نـەوەی ئـادەم
خوا بـێ‌ناردایـە یـەکـێ وەک حـاتەم
شـادی کـردایـە دڵـەی خـەمبارم
بـە ئـاواتـی خـۆم بە وەسـڵی یـارم
خـوایـە مـەگـەر تـۆ بگـەیتە فـریام
ئـەینا تـا مـردن ئـاوارە و تـەنیام

***

ئەستێرەی بەیان

ئـەستێرەی بـەیان، ئـەستێرەی بـەیان
ئـەستێرەکـەی‌ڕۆژ هـەڵدێی دەم‌بـەیان
جوان و پرشنگ‌دار پێش لە خـۆرهەڵات
تـوخوا نـەت‌دیوە قـیبلەی دووروولات

خـــۆ تـــۆ لە زومــــڕەی بــەختدارانـــی
جـــێگای تــەماشای گشت نــازدارانـــی
تـــۆ زۆر ئـــەوەستی ڕوبـەڕوی پـاکـان
تەماشات ئەکـەن گشت شـەرەفناکـان
هـــەمو ڕۆژێ ڕوی پـــاکـــیان ئـــەبینی
بــەهرە لە شـــێوەی چـاکـیان ئـەستێنی
چـــــاوت وا لە ڕوی «تـــەتار»انـــەوە[١]
لە شــــەوق و جـــوانـــی نـــازدارانـــەوە
هـــەتا ڕۆژ لە «کـــەل» ســـەردێنێتەدەر
تــــۆ بـــاخەوانـــی لە بـــاخی دوڵـــبەر
تـــوخوا ئـــەبینی نـــووری چـاوی مـن
«شەم»؟، شادی دڵـەی پڕ زوخـاوی مـن
ئـــەو کـــە لە زومـــڕەی جـەبین سـافانە
«شـــەم»م شـــەوچرای عـێلی «جـافانە»
گـەردی سـەرڕێتبم ئـەستێرەی بـەیان
ئەو وەک تۆ شیرین، تۆ وێنەی ئەو جوان
چۆن نـەتکرد سـەیری ئـەو فـریشتەیە
ســـەیری ئـــەو شـــۆخە لەلات عـەیبەیە

***

١. «تەتار» واتە: ئاسکی تەتار، کە ئەو ئاسکە زۆر ناسراوە بە چاو جوانی.

وێڵی دشت‌ودەر

وێڵی دەشت و دەر، وێـڵی دەشت و دەر
ئەی هەوای خـۆشی کـوێستانان لەسـەر
ئاسکی سرک و جوان پێش‌پۆلی ئاسکان
گورج و عاشق‌کوژ، ئـەبرۆ وەک کـەوان
بە عەتری پەرچەم «چیا»ت پڕ کـردوون
بە نیگا و لەنجەت دنـیات سـڕ کـردوون
نــازانــم ڕاوچـــی؟ یــا نـێچیری؟ تـۆ
چـــەندەها ڕاوچـــی کـەوتنە گـێژی تـۆ
بــەرزە ئــەستێرەی گـەشی بـەختی تـۆ
کار ئاسکی گورجی هەردی سەختی تـۆ
ڕوو ئــەستێرەی‌گەش بـرۆ وەک کـەوان
بـــــرژانگت تــیری جــەرگی عـــاشقان
بـــــە لەنـــــجە و لاری دڵ فـــــڕێنەوە
بــە ڕەوت و نــیگای گــیان ئـەستێنەوە
بــە پــرچــی قـەف‌قەف گـرژ و لولەوە
بــە بـاڵای هـەڵچووی وەک نـەوتوڵەوە
بەو کـرێشمە و نـاز، لەنـجە و ڕەوتـەوە
بە ڕووی وەک ڕۆژ و زوڵـفی شـەوتەوە
بـــــە لێـــــوی ئـــــاڵی وەک یـــاقوتەوە
بـــــە ڕیـــــزەخاڵی تـــاک و جـــوتەووە

بــە گــەردنی بــەرز شــوشەی ســافەوە
به زوڵـفی بـۆنخۆش مـیسکـی نـافەوە
بــــە کــــرژ و تــوند و ڕق و قــینەوە
بــــە ڕەوتـــــی نـــەرم و ســـڵەمینەوە
قیبلەم کـێت نـەکـرد تـۆ بـە «دێـوانـە»؟
کـــێ بــۆتۆ نـەبووە ڕیسـوای زەمـانە؟

***

بەردی هەواران[١]

بــەردی هـــەواران، بــەردی هـەواران
ڕەش داگــیرساوی کــۆچی هـەواران
مــەلول و دڵتـەنگ جــێماوی یـاران
وەک مــن هـــاوبەشی دەرد و پـەژاران
تۆ بەردی کوێبووی؟ لە کام هەواران؟
بــۆ کــێ ڕەشپـۆشی؟ وێـڵی دیـاران
خـــەمباری عـەشقی کـام نـەونەماڵی؟
بێڕەنگ و ماتی کام ڕوومـەت ئـاڵی؟
تۆ بەداخی کێ ڕەشبووی سووتاوی؟
لە کـــام هـــەوار و هـۆزێ جــێماوی؟
ڕاســتم پــێ بـڵێ بـۆ کـێ داخداری؟
ئازیزت کـێیە؟ وابـۆی خـەمباری!!!؟

---

١. مەبەست لەم بـەردە ڕەشـەبەردی سـێ گـوچکەیە (کـوانـوو)، کـە مـەنجەڵی ئەخەنەسەر، جا کە خێڵ کۆچی کرد ئەو بەردانە بەجێ ئەهێڵن.

«بەرد»ووتی:بەدبەختکوێلەیدەردوخەم
«پەروانە»ی پەشێو دوورکەوتوو لە «شەم»
مـــەگـــەر نـــازانـــی بـــیناییت لێـــڵە
ئێرە جێ و شوێنی گوزەرگای خێڵە!!!؟
ئێرە شـــینگەکـــەی خـــێڵی جـــافان بـــوو
جێی ناز و عیشوەی گەردن سافان بوو
هەوارگەی ڕەوگـــەی عـــێڵی «مـــورادی»
شـــوێنیان ئـــێرەبوو پـــڕشەوق و شـــادی
من شوێنی «شەم»ی شای پە روانان بووم
پێشەنگی جوانی ناو ڕەشماڵان بـــووم
پـــاییز کـــۆچی خـــێڵ دێـــنە خـــوارەوە
تـــەشریف دێـــننەوە شـــوێنی پـــارەوە
مـــنیش بـــە شـــەوقی «شـــەم»ە ســـوتاوم
گـــەشی گـــۆنای ئـــەو دوورە لە چـــاوم
هەروای ووت «بەرد»ی ڕەشی هەواران
من لەو خراپـتر بـێدەنگ بـــووم یـــاران
زانـــیم بـــۆ «شـــەم»ە ئـــەویش داخدارە
داخ و خـــەمناکـــی بـــۆ دووری یـــارە
منیش لە ئێشی شای «شەم» ڕوخساران
ئاوا چـــوومە ڕەنگ «بـــەرد»ی هـــەواران

«بەرد»ی جێماوی هەواران منم
خەم خۆری هەموو خەمباران منم

***

شەوبێدارانم

شەوبێدارانم شەوبێدارانم
هاودەمی ناڵەی شەوبێدارانم
بومی وێرانەی گشت دیارانم
ئاخ و ئۆفکێشی ڕۆژگارانم
«پەروانە»ی سووتاو پەشێوحاڵ منم
وەک قەقنەس سووتاو کۆی زوخاڵ منم
ڕاوچی بێ نەچیر لە هەردان منم
پێشێلکراوی دڵبەردان منم
گیرۆدەی مەینەت پڕجەفا منم
تاساوی چەرخی بێوەفا منم
سەرکردەی پۆلی مەینەتبار منم
سەرلێ شێواوو گەستەی مار منم
مەئیوسی بینین دیدەی یار منم
مەجنونی وێڵی سەرکۆسار منم
بێ دۆست و هاوەڵ بێ خەمخوار منم
بێ ئەحواڵپرس و بێ دڵدار منم

کەسێ دیار نیە خزم و یارانم
بـبینێ کـڵپەی ئاگری گیانم
دەردێ دای بەمن چەوتی ڕۆژگار
مەگەر دابێتیە مەجنونی هەژار
بۆ ئێشی جەرگم لەت لەت و چاکم
چاوەڕوانی لوتف «یەزدان»ی پاکم

***

پەری ڕەشماڵان

پەری ڕەشماڵان، پەری ڕەشماڵان
دەلیل بچۆ لای پەری ڕەشماڵان
لای «شەم»ی بەزمی شەوی پەروانان
پێشڕەوی پۆلی دیدە قەترانان
ئاسکی چۆڵ و هەرد لە «چیا» پەروەردە
چەن دڵی وەک من بۆت پڕ لە دەردە
ئەڵێت گوێتداوە بە قسەی ئەغیار
من بەو پەیمانە کە کردم ئیقرار
سەر هەر لە سەودای عەشقبازی‌یە
دڵ هەر نیشانەی تیرئەندازی‌یە
پێم بە «داو»ەوە شەتەک دراوە
دڵ پڕ لە ئێشە جەرگم بڕاوە

هــەتا ئـەمنێنە دووتـۆی گـۆڕی تـەنگ
شەرتە لە ئـێشت هـەرگیز نـەکـەم دەنگ

***

فیدای ناووت بم

فیدای نـاووت بـم، فـیدای نـاووت بـم
تــۆ نـاووت چـیە؟ فـیدای نـاووت بـم
بــاڵاگــەردانـی هـەردوو چـاووت بـم
شــانەی داهــێنەر زوڵـفی خـاوت بـم
من «پەروانـە»ی وێـڵ هـەردی وێـرانـەم
«قەیس»ی سەرشێواو ڕیسـوای زەمـانەم
شـــەوان هــەتا ڕۆژ هــاوڕازم خـــەمە
گـــیانلەبەرانــــی کــــێوم هــاودەمە
دەربەدەر مـاووم بـێ خـۆراک و جـێم
پــەژارە و مــەینەت بــوونەتە هــاوڕێم
لەش بـــە ئـــازار و گــڕ لە دەرونــم
لە هــەردی لەبــەس ئــاوارەی تــوونم
لەوکاتەوە مـن لە «شـەم» دوورکـەوتووم
دڵ پـڕ لە پشکـۆم سـاتێ نـەسرەوتووم
هــــەر گــیانلەبەرێ لە شــێوەی یــارە
هـــــاوڕازی دڵـــــەو دەوای ئــــازارە

مــن زەوقــم لەگــەڵ دەنگــی ئــاسکانە
ســوکنابیم ســەیری چــاوی ئــەوانــە
دوور لە چــاوی یــار بــەوان دڵشــادم
تــــا ڕۆژی گــــەردون ئــەدا مــورادم
تــوخوا ئــەو ئـاسکە گـرتوتە بـە داو...
شـــێوەی ئـــــازیزم ئـــەنوێنێ تـــەواو
تــیری نــیگای ئــەو لە دڵ کـار ئـەکـا
چـاوێ لە چـاوی چـاوبەخومار ئـەکـا
فیدات بم سەدجار ڕاوچی دەشت و دەر
بـــــێبەخشە، «داو»ی لە مـــل بـــێنەدەر
ئـــــازادی بکـــــە تـــوخوا لە «داو»ت
یـــاخوا هـــەتا هـــەی بـــەرزبێ نـــاوت
ئەو ئـاسکە جـوانـە ئـازادکـەی لە «داو»
لە ژیـــــنا نـــەنگی نــابینی بــە چـــاو

***

جوانی پێچاوە

جـوانـی پـێچاوە، جـوانــی پـێچاوە
جوانــی ســەرپێچی ســەری پـێچاوە
زوڵف و ئەگـریجەی ڕێک داهـێناوە
بــەسەر ڕوومــەتا پــەخشان کـراوە

سینەی دەرکەووت یەخەی کراوە
لیمۆی وەک تورەی تەیمور نەخشاوە
پەرچەمی چین‌چین تازە قرتاوە
خۆر هاتوەتەدەر لە ڕۆژئاواوە
ئەبرۆی شمشێری تازە سوراوە
بە چاوی وێنەی ئاسکی خەتاوە
برژانگەکانی تیژە وەک نێزە
هەر ئەڵێی سوپای شاهی «پەروێز»ە

***

بۆچی زویر بێ...؟

بۆچی زویر بێ، بۆچی زویر بێ...
دڵ لە ئازار و ئێشت زویر بێ...
دڵم گەردانەی یاقووتی ئاڵ بێ..
لەتۆ زویر بێ بە کۆی زوخاڵبێ
چاوێ هەمودەم بالآت نەبینێ...
بە فرمێسک خۆڵی ژێر پێت نەڕشێنێ...
ئەوچاوە چاوی ئاسکی «چیا» بێ..
لە «خوا»م داوایە کە نابینابێ
سەرێ شەووڕۆژ ئاگای نەبێ لێت...
نێوچاوان نەخا لە خاکی ژێر پێت...

ئەگەر ئەو سەرە سەری «قارون» بێ..
لە «خوا»م داوایە سەرەونگون بێ
دەستێ لە داوای دۆعا نەبێ بۆت...
لەسەر سنگ نەبێ کاتی هات و چۆت...
ئەگەر ئەودەستە دەستی «ڕۆستەم» بێ..
لە «خوا»م داوایە ئیفلیج و کەم بێ
پێیەک هاتوچۆی ڕێگای تۆ نەکا...
لەبەر ماڵتانا نەیەت و نەڕوا...
ئەو پێیە گەر پێی پاشا و ئەمیر بێ..
لە «خوا»م داوایە بەستەی زەنجیر بێ
گیانە دەستی من بەدامانی تۆ
گیانی شیرینم، بەقوربانی تۆ

***

یارم لە خەودا

یارم لە خەودا، یارم لە خەودا
ئەمشەو پەشێو دیم، یارم لە خەودا
ڕەنگزەرد و بێدەنگ پڕخەم لە خەودا
کز و لێوبەبار دیم «شەم» لە خەودا
کە بە زەلیلی دیم «شەم» لە خەودا
کەوتمە ناڵە لە شیرین خەودا

جۆرێ شێواو بوو دیم بە خەو ئەمشەو
بە سەرگەردانی ڕاپەڕیم لە خەو
کاتێ ڕاپەڕیم، کە زانیم خەوە
مەستی (ئەلەست) بووم لەو نیوە شەوە

***

دڵدارم «شەم» بێ

دڵدارم «شەم» بێ، دڵدارم «شەم» بێ
بۆ هەرکەس وەک تۆ کە ناوی «شەم» بێ
سەرگۆنای وێنەی مانگی چواردەم بێ
ناسک و نازدار لە چەشنی کەم بێ
پرچی ڕەش‌مار و عەتر پەرچەم بێ
دڵی «پەروانە»ی بۆ پڕ لە خەم بێ

***

بۆ هەرکەس باڵای وەک «سەوڵ»ی ساف بێ
پەرچەم پڕگوڵاو یا موشکناف بێ
پێش‌ڕەوەی جوانی گشت عێڵی جاف بێ
ئەبێ تۆئاسا وا بێ‌ئینساف بێ
وەک تۆ لێو شیرین یا خونچەدەم بێ
دڵی «پەروانە»ی بۆ پڕلەخەم بێ

***

بۆ هەرکەس وەک تۆ ئەبرۆ کەوان بێ
زوڵف و خاڵ سێوەنگ بڕۆ قەتران بێ
وا بێ‌فرسەت و دادە و ئامان بێ
وەک‌و تۆ فیتنەی ئاخرزەمان بێ
بێ‌شەرت و بەڵێن، ئارەزو کەم بێ
دڵی «پەروانە»ی بۆ پڕ لەخەم بێ

***

بۆ هەرکەس وەک تۆ ڕوی پڕ لە نوور بێ
سینە و گەردنی وێنەی بلوور بێ
فریشتەی ئاسمان نەسڵی لە حوور بێ
بێ‌ترس و بێ‌باک لەڕێی خوا دوور بێ
وەک تۆ دەلیلی دوری ڕێگەم بێ
دڵی «پەروانە»ی بۆ پڕ لەخەم بێ

***

بۆ هەرکەس وەک تۆ لیمۆی کاڵی بێ
سینگی «سەدەف» و لێوی ئاڵی بێ
گەردنی بەرزی وەک «غەزاڵ»ی بێ
ناسک و نازدار و چواردە ساڵی بێ
وەک تۆ دڵداری لەناو دڵ کەم بێ
دڵی «پەروانە»ی بۆ پڕ لەخەم بێ

***

بۆ هەرکەس وەک تۆ بەجوانی «شاز» بێ
چاو پڕ لەسورمە بە عیشوە و ناز بێ
هەزاران دڵی ئاواتەخواز بێ
ناشی و نەزانحاڵ وا بێمەجاز بێ
شەوقی پڕنووری بەوێنەی «شەم» بێ
دڵی «پەروانە»ی بۆ پڕ لەخەم بێ

***

کاتی مردنم

کاتی مردنم، کاتی مردنم
ئەمانەت فەرزە وادەی مردنم
گەیشتە وادەی وەسیەت کردنم
لەکاتی سەختی گیانسپاردنم
توخوا بڵێنە شای «شەم» جەبینم
کاتی ڕۆحکێشان بێتە سەرینم
بەبێ ترس و باک شەرم نەکا لەکەس
پەردەی ڕووپۆشی دادڕێ بەدەس
نەپۆشێ تیشکی گۆنای خاوەری
بابزانن ئاسمان دایبەزاند پەری
دانیشێ لەپاڵ سەرینم بە ناز
بخوێنێ سورەی «یاسین» بە ئاواز

بــە زوبــانی شــیرین شــەکــرڕازەوە
بـە دەنگ و سـەدای خـۆش‌ئاوازەوە
ڕوو بـــە ئـــاوەنگی پـــڕ گـــوڵاوەوە
بـــە گـــۆنای ئـاڵ و زوڵـفی خـاوەوە
فـرمێسک لە چـاوی ئـەو نـازدارەوە
بـتکێتە سـەر ڕووی ئـەم بـێ‌چارەوە
با تێـر سەیربکەم لە چـاوی جـوانـی
گـــــیانم دەربـــچێ بـــێتە قـــوربانی
با تـێر گـوێ‌بگرم لە دەنگـی سـازی
لە سورەی شەریف!!، خۆشی ئاوازی
گیانکێش بێت بە سەد ئێش و ژانەوە
هـەرگیز نـیم بـەتەنگ گـیانکێشانەوە
گــەر بــەم‌جۆرەبێ ئــارامـی گـیانم
بـــەخوا بـــە ئـــاسان دەردێ ڕەوانـم
ئای کەچەند خـۆشە ژیـان و عـومرم
لە خاک‌وپای‌تۆ گیان‌دەرچـێ، بـمرم
گــەر بــەقەد کـێوێ گـوناهم هـەبێ
بەهەشت جێگامە، «خوا» ئەم‌بەخشێ

***

گیانە خەوم‌بێ

گـــیانە خـــەوم‌بێ، گـــیانە خـــەوم‌بێ
ئەگـەر بـەبێ‌تۆ یـەک ئـان خـەوم‌بێ
ناڵـەی بـێ‌ئەمان کـاری شـەوم بـێ...
قەت ئۆقرە نەگـرم دایـم ڕەوم بـێ...
بـــێ‌دیدەنی تـۆ گـەر پـەژارەم بـێ...
پـــەژارەو تـــرسی بـەرقەنارەم بـێ...
گـەر سـاتێ یـادت لە دڵـم دەربـێ...
دڵم لەت و پەت نوکی خەنجەر بێ...
ئەگەر بێ‌تۆ کـەس، بکـەم بـە یـارم...
ســـــرەوتم نــەبێ لەبــەر ئــازارم...
گەر ساتێ یـادت دەرچـێ لە یـادم...
نـــوقمی یـــادنەبێ دڵـــی نـــاشادم...
دەروونم لەتی تێخی ئـەڵماس بـێ...
زوبانم لەت‌لەت وێنەی پەڵاس بـێ...
قەسەم بە دیدە و بـە بـاڵای شـەنگت
ئەگـەر بـۆ سـاتێ نـەبیسم دەنگت...
مـــــەلی ڕەوانـــم لە «تـــەن» بـــێزارە
دونـــــیا لە چـــاوم تـــاریک و تـــارە

***

بەکۆی زوخاڵ بێ

بەکۆێ زوخاڵ بێ، بەکۆی زوخاڵ بێ
ماڵی باوانت بەکۆی زوخاڵ بێ
دایکت نابینا زوبانی لاڵ بێ
باوک مردووبی خۆشیت لێ تاڵ بێ
سوێندم بەو خوایە ماڵ بێ تەنافە
گەر لەگەڵ مندا مەیلت خیلافە...
دوور لە باڵای خۆت باوانت چۆڵ بێ
خزمانت سەرشێت کەڵپۆس لە کۆڵ بێ
باوان وێران بێ، کەست نەمێنێ
بایەقوش لەسەر ماڵتان بخوێنێ
خێڵی خوێشانت توشی تالان بن
بە پەند و عیبرەت کورد و گۆڕان بن
ئەوەش بزانی کە دۆعای منە...
سەرلێشێواوی و خۆشیت لێ وونە
تۆ جێگەت سازە کوێستان نشینی
کەی دەربەستی ئێش منی خەمینی
لە کوێستانی خۆش بەدەماخەوە
لە چاوگەی سازگار لای «لەیلاخ»ەوە
لە کوێ ئەبینی «دێوانە»ی ناشاد
لەو جێیە منت کوا؟ دێتەوە یاد

کاتی مەرگمە

کـــــاتی مـــەرگمە، کـــاتی مـــەرگمە
وادەم بـــەسەرچـــوو، کـــاتی مـەرگمە
بـەو ئـێشە سـەختەی لەنـاو جـەرگمە
خـاک و گـڵ و گـۆڕ، جـل و بـەرگمە
لە گـــیان کـــێشانا هـەر چـاوەڕوانـم...
کـــە تـــەشریف بـــێنێ کـاتی نـەمانم!
کاتێ کـە گـیانکێش دێ بـۆ ڕەوانـم...
مـــــۆڵەتم نـــــادا، دەســـتێنێ گـــیانم
«شەم»ی ڕومەت شەم بـێتە سـەرینم...
ئـــەوکاتە دەرچـــێ ڕۆحـــی شـــیرینم
بـــڕژێتە ســـەرم فـــرمێسکی چـاوی
کـــفنەکـەم بـدروێ بـەزوڵفی خـاوی
بڵێم بە «شـەم»ی شـاهی چـاومەستان
لەگـــــەڵ تـــەرممدا بـــێتە گـــۆڕستان
بـــەدەستی نـاسک شـۆخی دوڵبەرم...
بـەردی «ئـەلحەد»م بنێ سـەر سـەرم
کـــە بـــەردت دانـا خـاکـی مـەزارم...
بکــــە بـــەسەرما، شـــۆخی نـــازدارم
گـــیانەکـەم هـاتو ئـەوەت بـۆکـردم
بـــەوێنەی دڵـــدار تـــۆ بـەڕێت کـردم

شەرتە هەتاکوو ڕۆژەکەی «ئـەلەست»
من دۆعاگۆی تۆم شۆخی دیدە مەست

***

سەگی دەرگای یار

سەگی دەرگای یار، سەگی دەرگای یـار
سـەگـی پـاسەوان پـێش‌قاپی دڵـدار
هاوڕێ و هـاوڕازی گشت کـاتی نـازدار
خاکی پـێت دەرمـان چـاوی پـڕ ئـازار
خــۆ تــۆ لە زومــڕەی وەفــادارانــی
دڵســـۆز و خــەمخۆر دەردەدارانــی
ســەگــی خــانەزای بــاوانــی یــاری
ئـــارامـــی دڵـــی دەوای ئـــازاری
ئــەزانــم قــیبلەم بـەدەستی جـوانـی...
پــەروەردەی کــردوی بــۆ پـاسەوانـی
خۆ ئەگەر هات و قـەستی سـەرت کـا...
ئـــازارت بــــدا، دەربــەدەرت کــا...
قـــەت بــڕوام نــیە تــۆیی وەفــادار
لە ئــاستانەی یــار بــبی دەس‌بــەردار
هــۆی چـــیە ئـێستا هـاودەردی دەردان
دورکەوتوی «شەم»ی کـەوتویتە هـەردان

ئـــێستا دورکـــەوتوی لە قـــاپی دڵــدار
پێم‌بڵێ بەدبەخت، چۆن ئـەگـری قـەرار
وەک مـــن هـــەردەمە وای لە هـــەردێکا
هـــەرشەو مـــیوانـــی لە بـــن بـــەردێکا
سـەگ وتـی: کـەوتەی زەمـانەی بـێبار
«پەروانە»ی «شەم»ی ڕومەت پرشنگ‌دار
بـــۆ لێـــڵاویتە بـــینایت کـــوێرە
بــە حــەزی‌خۆمە؟ یـا دەستی زۆرە؟
بۆ شاری «بەغدا» چووە بـاوکی «شـەم»
مـــن پـاریزگاری مـــاڵاتان ئــەکـــەم
هـــاتومە ئـــێرە بـــە حـــۆسن و ڕەزا
تا «گـورگ» مێگەل، پـاک نـەکـا غـەزا
بۆ مـەڕ فـرۆشتن چـووە بـاوکی «شـەم»
«پـەروانـە»ی خـەم‌گین وایـە بـەبێ کـەم
ئـــەگـــینا بـــەبێ ســـووچ و بـــەهانە
بـــۆچی ئـــەگـــەڕێم ئـەم بـیابانە
«وەلی» بـــەقوربان مـــەڕومالتان بـــێ
بـاڵاگــەردانــی مـــاڵ و حـــاڵتان بـێ

***

نازداری جافان

نــازداری جــافان، نــازداری جــافان
نــازداری بــێعەیب تــایەفەی جــافان
پێش ڕەوەی پۆلی ئـاسکی سـەرشاخان
گــوڵی ســەرکردەی گـوڵی نـاو بـاخان
ئــاسکی کـەژاڵ، چـاو لە دەشت و دەر
توند و سرک و گورج لە سێبەر سڵ کـەر
لە تــیرەی تــەتار شـۆخی شـیرین خاڵ
خاوەن خەت و خاڵ خەتا و خوتەن ماڵ
جــێگەت ســازگار لە بـەرزی کـوێستان
ڕاوچــــیانت وێــڵ دڵــیان پــڕلە ژان
ئەبرۆ وەک کەوان چـالاک و چـاوڕەش
لە دەست و تیرت ئەتکێ خوێنی گـەش
گــۆنە و لاجــانگت هــەتاوی قـەدپاڵ
بــاڵندەی تــوندڕەو شــمقاڕی تـیژباڵ
چــرای ڕوونـاکـی هـەموو ڕەش مـاڵان
نــاوت ویــردی لێــو خـاوەن ئـیقباڵان
بــە کــوڵمی گــەشی پـڕ لە نـوورەوە...
کـێت نـەدابـەدەم ئـاگـری سـوورەوە؟
بــەو بــرۆ ڕەشــە تــۆخ و قــەترانـە...
خــــانەی چــەن دڵت کــردە وێــرانــە

بەو چاوەگەشەی سورمە تێ کراوە...
مۆژەت لە خوێنی کێ وەرنەداوە؟
بەو نیونیگای ناز، بەو لەنجەولارە...
ئاخر جەرگی کێت نەکردووە پارە؟
بە ڕەوتی نەرم و لەنجەو هاتووچوو...
بڵێ کێت نەکرد بە باوک مردوو؟
بە گەردەنی بەرز شوشەتەزەوە...
بە پرچی لول و باڵای بەرزەوە...
توخوا دڵی کێت تۆ نەستاندەوە؟
خانەی ژیانت نەڕوخاندەوە؟
من لە داخی تۆ جەرگم بوو توێ توێ
هەر داخە دێتە سەر داخانی نوێ

***

لە «شەم» جیام من

لە «شەم» جیام من، لە «شەم» جیام من
«پەروانە»ی پەشێو لە «شەم» جیام من
مەجنونی وێڵی دەشت و سارام من
مەئیوسم لە «شەم» چارە سیام من
شێت و سەرگەردان لە خێڵ جێ ماوم
وێڵ و دەربەدەر عەقڵ شێواوم

بــێ کـەس و تـەنیا، بـێ‌هاودەم مـاوم
لە گــێژی دەریــای خـــەما خـــنکاوم
ڕەش‌تـــر لە بــەردی هــەواران مــنم
دەربـــــەدەرماوی دیـــــاران مـــــنم
کەوتووی توناوتون توونی «تـەبەس»م
جەفای بەبێ‌سوود ڕەنـج بـە عـەبەسم
دەرد و ئـێش وەک کـێو بـارە لە شـانم
بــۆدیدەنی «شـەم» هـەر چـاوەڕوانـم
هــاودەمی وەحشـــی و جـانەوەرانـم
ئــەشکەنجە و ئــازار بــارە لە شـــانم
چــاوەڕوانــی ڕێی یـاری کـوێستانم
دڵ پـڕ لە حـەسرەت چـاو بـەگـریانم
بــێگانەی قـەوم و کـەس و کـارم مـن
نــائومید لە «شـــەم» پـــڕ ئــازارم مـن
تــا کــاتێ ئــەمرم دڵمـەحزونم مـن
گڕی عـیشقی «شـەم» لە دەرونـم مـن

***

ناسک، نازی «شەم»

ناسک، نازی «شەم»،ناسک، نازی «شـەم»
ناسک، لەنجە و لار غەمزە و نازی «شەم»

ناسک، برۆیڕەش قودرەتسازی «شەم»
ناسک، باڵای بەرز چاوی بازی «شەم»
ناسک، دو لێوی بە هەنگوێنی «شەم»
ناسک و شیرین پێکەنینی «شەم»
ناسک، گەردنی شوشەی بەرزی «شەم»
ناسک، سەرسینگی سەدەفتەرزی «شەم»
ناسک، پەرچەم و زوڵفیخاوی «شەم»
ناسک، گوفت و گۆی پڕگوڵاوی «شەم»
ناسک، ددانی گەوهەردانەی «شەم»
ناسک، نەخشی خاڵ لوتەوانەی «شەم»
ناسک، مەچەکی بێوێنەیی «شەم»
ناسک، سەرپەنجەی بێخەنەیی «شەم»
ناسک، سرکەیێ جوانپێچراوی «شەم»
ناسک و نازدار برۆ و چاوی «شەم»
ناسک، چەناکەی چاڵ و جوانی «شەم»
ناسک، دووپرچی بانیشانی «شەم»
ناسک، دووتیشکی خوابەندی «شەم»
ناسک، ناسکیی کەمەربەندی «شەم»
ناسک، دیدەی مەست، بەخوماری «شەم»
ناسک، باڵای بەرز، وەک چناری «شەم»

نــاسک، لامــلی وێــنەی بـەفری «شـەم»
ناسک، ئەگریجەی پڕ لە عـەتری «شـەم»
نــاسک، بــەرامــی عـەنبەرباری «شـەم»
ناسک، پۆزیساف شـوشەکـاری «شـەم»
ناسک، سەرکوڵمی گوڵی سووری «شـەم»
نـاسک، نـاوچاوی پـڕ لە نـووری «شـەم»
نــاسک، قــامەتی خــەرامــانی «شــەم»
نــــاسک، نــاسکی بــێئامانی «شــەم»
ئــەمە هــەر «شــەم»بــوو بــەمناووداوە
هــەزار «پــەروانــە»ی بـە گـڕ سـووتاوە
لە پەنای نـوری شـای نـەجەف مـاڵ بـێ
نــــاحەزی بــــاڵای زوبــانی لاڵ بــێ

***

بە خاڵی تۆوە

بــــە خــــاڵی تــۆوە، بــە خــاڵی تــۆوە
نــوری لیــقای حــەق بــە خــاڵی تــۆوە
تیشکی «شـەم» بـە شـەوق جـەماڵی تـۆوە
دارایــــــان بــــەداخ کــــەماڵی تــــۆوە
«لەیــلا» کــەنیزەک «شــیرین» کــارەکـەر
«زلــیخا» کــڕیار بــە زێـڕ سـەربەسەر

«هـــومەیلا»ی پـــەری «بـــەڵقیسا»ی بـاڵدار
«گوڵشاد» «گوڵئەندان» «عوزرا گوڵعوزار»
یـــەک بـــە یـــەک شـــێتی بـــەژن و بـاڵاتن
بــــاڵای نـــــەونەمام ســــــەوڵی ئــــاڵاتن
دڵارامــــــی دڵ «ســــەمەن» بــۆی پـــەری
«مەنیجە»ی «بیژەن» «زوهرە» و «موشتەری»
«خـــەرامـــان» شـــێتی شـــێوەی جـــوانـــتە
بــــانووان خـــــەریک ســـەنا و خـــوانـــتە
حـــــۆری بــــەهەشتی فــــریشتەی ڕوگـــــەش
ســــەناخوانـــی تـــۆن لە زەمـین تـا عــەرش
گــــــوڵ لە گـــــوڵزاران بـــە داخـــی تـــۆوەن
داخداران بـــــــەداخ دەمــــــاخی تـــــــۆوەن
چـــەند پـــەروانـــە هــەن بـە شـاخ و کـۆوە
هــــــەموو حـــــەیرانـــن بـــە شـــەوقی تـــۆوە
مـــنی «پـــەروانـــە»ش داخ لە دڵــی تـــۆم
شــــــێواوی گــــۆنای وێـــنەی گـــوڵی تـــۆم
بـــەسەرگەردتبم «شـــەم»ی ســـپی شـــەم
ســــــەرگەردانـــیتۆم دەرون پــڕ لە خـــەم
بــــە بـــاخی لیـــمۆی کـــاڵت شـــادم کـــە
یــــا خـــــۆ بــــمکۆژە یــا ئــازادم کـــە

ئــەگـەر لەسـەر لێــو وونـنـەکـەی خـەندە
هــــیچێ کــــەمناوێ لەو خـــوداوەنـــدە

***

هەوری ڕەشی خەم

هەوری ڕەشی خەم، هەوری ڕەشی خەم
تــۆ ڕەشت پـۆشی مـنیش بـاری خـەم
دەبــا هـــەردوکمان بـە دڵـی پـڕ مـاتەم
من لە زەمین «ئـاە»، تـۆ ئـاسمان «تـەم»
تۆ بـارانـیڕوون مـن فـرمێسکی گـەش
بــا داچـــڵەکـــێ گـــەردونی سـەرکەش
تــــۆ ئـــاویچاوت بـــە شـــین و زاری
بـــــڕێژەرەخوار تــــاوی بـــــەهاری
مـــــن بــــە نـــاڵەناڵ لە ئـــێشی دەردم
بـــێتەدەر کـــزەی هـــەناسەی ســـەردم
بـــــا تـــوفانی خـــۆر زەمـــین بـــماڵێ
هــەڵکـــێشی لەبـن سـنگی ڕەشمـاڵێ
خــێڵان لە تــەمی ئــاهی هـەردوکمان
داگـــــــەڕێنەوە بـــــێنەوە گـــــەرمیان
تــا کــۆچی خــێڵی جــافی مــورادی
پــەیدابـــن لەگـەڵ «شـەم»م بـە شـادی

بــا هـەردی گـەرمیان بـەوان بـەفەڕ بـێ
وەک بــەهاری نــوێ پــاراوو تــەڕبێ
توخوا هەوری ڕەش با هەردو وەک یەک
مــن لەســەر زەمـین تـۆ لەڕوی فـەلەک
هەردوکمان بە جووت بـا بگـرین بـەتاو
پــەیدا کــەین تــەم و هــەیەجانی ئـاو
ئــەگــەر بـەم جـۆرە لافـاو هـەڵبستێ
خـــێڵ کـــوێستانان ئـیتر نــاوەستێ
کــــۆچی ڕەش‌مــاڵان دێـنەوە دامــان
شــاد ئـەبین بـەسەیر نـەوتوڵ نـەمامان
مــنیش شـــادئەبم بــەسەیری «شــەم»م
دڵــــم خــۆش ئــەبێ نــامێنێ غــەمم
هـاتوو بـە بـاڵای نـەمامی بـووم شـاد...
جــــەوری گــەردونم نــامێنێ لە یــاد

***

هامسەران ناوم

هــامسەران نــاوم، هــامسەران نــاوم
مـــن بـــە «دێـوانــە» نــراوە نــاوم
ڕیســـوای زەمــانە کــەیلی زوخــاوم
ســاتێ نــەوەستا فــرمێسکی چــاوم

کـــاتێ لە داوێـن دایکـم بـووم پـەیدا
نـــاوم لێ‌نـرا «دێـوانــە» و شـــەیدا
چاو بە فرمێسک و دەرون پـڕداخ بـوم
خەم‌ناک دڵ‌شکاو هەم بـێ‌دەماخ بـوم
ئـەبینم ئـەی «شـەم» رەقـیب لە گـەڵتا
گیانم وەک ئـاگـر ئـەچزێ بـە نـەوتا
هەرچەند سزاکێش باری مـەینەت بـم
بەم جۆرەش ڕازیم سەت ناڕەحەت بم
هـــــەرکە ئـــەبینم لە ڕاگـــــوزەردا
«شــــەم» شـــێوە، ئـاگـر لە دڵ بـەرئەدا
کـــزەی بـــڵێسەی بــۆ گـــەردون ئـەبا
ئـــەبم بـــە خـــەڵوز یـا تـۆزی دەم بـا
«پــەروانــە» ئـــاسا ئـەبم بـە زوخـاڵ
ئەسوتێم بە شەوق «شەم»ی گـۆنا ئـاڵ
ئـــــاگـــــری گـــیانم ئـــاوا ئـــەسوتێ
تا قرچەی جەرگم ئـەگـاتە بـەر گـوێ
لەپێشا «قەیس»ی دەشت و کێوان بووم
شێت و دەربـەدەر بـار لە لێـوان بـووم
ئێستا «دێـوانـە»م پـەڕ و بـاڵ سـووتاو
وێڵ و دەربەدەر کۆست کەوتوو دامـاو

یاران بەگڕی ڕوی «شەم» سووتاوم
چۆن ئەکەن عیلاج جەرگی قرچاووم
شێت ئەوکەسەیە دڵدا بە خەیاڵ
بسووتێ ببێ بە مشتێ زوخاڵ

***

یاران بۆ تارە...؟

یاران بۆ تارە؟ یاران بۆ تارە؟
ئەمساڵ نەوبەهار لە چاوم تارە
ژیان و خۆشیم وەک ژەهری مارە
دونیا لە چاوم (وادیالقَهار)ە
هەمووکەس لە کات جوانی نەوبەهار
شادە بە بۆنی گوڵان لە گوڵزار
من نەبێ، ئەمساڵ شادیم ناشاد بوو
نائومید دڵتەنگ ڕەنگم بەرباد بوو
«بولبول» شاد بەگوڵ، من دڵ تویێتویێ بوم
ڕەنجەڕۆی جوانی بەهاری نویێ بووم
ئەمساڵ نەوبەهار خۆشتر لە ساڵان
بووژاوەتەوە سەوزە و گوڵاڵان
دەشت و قەتپاڵ و سارا و هەواران
گوڵ دایپۆشیوە جوانتر لە جاران

گـــولْزار لە چـاوی مــن دڕک و داڵــە
ســەوزە و گــوڵ و گــیا لام بــێ جـەماڵە
ســەیری جــوانــی کــەم ئـاخم زیـادکا
«لالە» لە دەرون داخـــــــم زیـــــادکا
شکــۆفەی تــازە شـێوەی «شـەم» دێـنێ
لە نــــاخا دڵـــم دائـــەچڵەکـــێنێ
بــەهاری ئــاوا...، دۆســتم لێ دووربــێ
چــاوم بــە گــریەی جـیایی سـوور بـێ
خـۆزگە سـەت خـۆزگە بـە بـەهاری پـارا
هــەموو بــەیانیان ئــەمدی بـاڵای یـار
بـــەهاری ئـــەمساڵ گـــیری ئـازارم
ئـــاواتـــەخوازی دیـــدەنی یـــارم

❊❊❊

هەرمن خەمبارم

هــەرمن خــەمبارم، هــەرمن خـەمبارم
هــەرمن خــەمگینم، هـەرمن خـەمبارم
هـەرمن «پـەروانـە»ی «شـەم»ی گـڕدارم
هــەرمن ئــاوارەی ڕێی ڕەش و تـارم
هـــەرمن ئـەستێرەی بـەختم گـیراوە
هــەرمن لە شــەش‌لا ڕێگــەم تـەنراوە

هەرمن وەک «مریخ» جیام لە ڕوناکی
هەرمن بەدناویم پچڕی بە تاکی
هەرمن پەریشان ئیش و ئازارم
هەرمن گیرۆدەی دەس ڕۆژگارم
هەرمن ئالۆز و شیواوە بەختم
هەرمن سزاکیش ئازاری سەختم
هەرمن لە گیژی خەما خنکاوم
هەرمن وەک «مەجنون» دەربەدەر ماوم
هەرمن لە بەختم ڕاستی نەماوە
هەرمن وەک «فەرهاد» جەرگم بڕاوە
هەرمن فریشتەی شادیم نوستووە
هەرمن وینەی «قەیس» «سارا»م گرتووە
هەرمن لە پینج فەرز وەستاوم بیزار
هەرمن وەک «سەنعان» بەستومە «زنار»
هەرمن بە تانە جەرگم بڕاوە
هەرمن لە دونیا خۆشیم نەماوە
هەرمن «پەروانە»ی پەریشانحاڵم
هەرمن دەرناچێ «شەم» لە خەیاڵم
هەرمن لە ئاسمان ئەستێرە وونبوم
هەرمن شەمئاین لە «شەم» دور کەوتوم

هەرمن سەرزەوی گەڕام لە دوای «شەم»
هەرمن بەدناویم زڕا لە عالەم
هەرمن بۆ «شەم»م دڵ پڕئازارم
هەی یاران عیلاج، بێن بە هاوارم

***

هەی «شەم»ی شەوان

هەی «شەم»ی شەوان، هەی «شەم»ی شەوان
هەی «شەم»ی بەشەوق چڵچرای شەوان
هەی ژیانی من، هەی ڕۆحی ڕەوان
هەی گڵێنەیی دیدەی بێخەوان
هەی ئاسکی سەرکەل لە سێبەر سڵ کەر
هەی هەوای سازی کوێستانان لەسەر
هەی عەنبەرین خاڵ سۆسەنی کڵاف
هەی ڕوناکایی ڕەشمالانی جاف
هەی من «پەروانە»ی پەڕسوتاوی تۆ
هەی من گیرۆدەی زوڵفی خاوی تۆ
تۆ جارێ نایەی بۆ سەروەختی من
گوێ نادەی بە «ئاه» زامی سەختی من
ناپرسیت ئاخۆ من بۆتۆ چۆنم
بێباکی لە تین قرچەی دەرونم

هـــەوای کـــوێستانت وابـــۆ بـــووەوە
حـــەیفت کـــرد مـــنت لە بـــیر چـــووەوە
بـێمروەتیت کـرد هـەی «شـەم» دەربـارەم
مـــن بـــۆتۆ «قـــەیس»ی ســـیا ســـتارەم
وادەی مـــن و تـــۆ دیـــوانـــی (خـــوا) بـێ
مـــەگـــەر ئـــەورۆژە دادم ڕەوابـــێ
«شـەم»ی شـەم ڕوومـەت تـۆ بـەسەلامەت
سکـــاڵای دڵـــم کـــەوتە قـــیامەت

***

ئۆف، بریندارە

ئـــۆف بـــریندارە، ئـــوف بـــریندارە
دوو تـــۆی جـــەرگی مـن او بـریندارە
هـــەر دیـــدەی مـــنە لە خـــەو بێزارە
هـــەر زووخـــی دڵـە، دێ وەک فـوارە
دووکـــەڵی ئـــاهم دونـــیای گـــرتەبەر
بـە سـۆزی مـنە سـووتا دەشت و دەر
هـــەر ئـــاهی مـــنە دەنگـــی دایـەوە...
لە گـــوێی عـــالەمدا زرنگـــایەوە
گـــریانی مـــنە بـــەرد بـەدەنگ دێـــنێ
بـــێئاگـــا لە خـــەو ڕائـــەچڵەکـــێنێ

هەر شینی منە بە ڕۆژ و بە شەو...
هەر «هۆلەیل»مە وەک مەجنون بێخەو
هەر منم بە ڕۆژ هەتا ئێوارە
دوورکەوتوی یار، یانەم کۆسارە
هەر داخی منە دەردێ لە دووی ئاخ
ڕەشیکرد «لالە» لە هەردی ئێلاخ
یاران تەدبیرێ نزیکە مەرگم
بە خوێنی دیدەم ڕەنگینە بەرگم

***

یاران سافێکم

یاران سافێکم، یاران سافێکم
شێت و ئاوارەی گەردن سافێکم
شەیدای جوانی بەرگ شەفافێکم
کوشتەی نیگای ناز کێژەجافێکم

***

گیری دڵداری ناز تەتارێکم
کوژراوی موژەی پڕ لە ژارێکم
بێهۆش و مەستی پەری تارێکم
دڵ پڕ لە زوخ و بێقەرارێکم
لەرزەی لەرزانەی ئەحواڵ تافێکم
کوشتەی نیگای ناز کێژە جافێکم

***

ئاواره و وێڵی جام جەبینێکم
غەمباری غەمی دڵ غەمگینێکم
زاماری دەستی زوڵف چین‌چینێکم
موبتەلای قیبلەی دونیا و دینێکم
مایل بە جوانێ بێ‌ئینسافێکم
کوشتەی نیگای ناز کیژه جافێکم

***

دڵ‌پڕبرینی دەمی شەستێکم
زار و زەلیلی تیغ بەدەستێکم
عەقڵ‌بڕاوی چاوان مەستێکم
جێی تانەی هەموو خاوەن هەستێکم
ئەی لەیل من «قەیس»ی بێ‌خیلافێکم
کوشتەی نیگای ناز کیژه جافێکم

***

«فەرهاد»ی «شیرین» شەکرڕازێکم
نازداری نازی نازئەندامێکم
دڵ‌بەستەی داوی نوێ‌پەروازێکم
جەرگ و دڵ‌پارەی چنگی بازێکم
«پەروانە»ی پێ‌بەست پرچ‌کڵافێکم
کوشتەی نیگای ناز کیژه جافێکم

***

دڵ پــــڕ لە کــڵپەی شــەوقی نــورێکم
شــێواوی شــێوەی «شـەم» دەســتورێکم
هــەراســانی ئــێش زامــی دوورێکــم
«قــەیس»ی ســەرشێواو نـاومەشهورێکم
«دێــوانــە»ی نــاودار قــاف تـا قـافێکم
کــوشتەی نــیگای نــاز کــیژە جـافێکم

***

دەربــــەدەر مـــاوو هـــەراســـانێکم
گــیرۆدەی تـیشکـی خـورشید سـانێکم
وێــڵ و قــەلەندەر «خــوم» لەشــانێکم
ووتـــە گــێر و وێــر بــێ زوبـانێکم
ئـــاوارەی ئـاهوی مـوشکین نـافێکم
کــوشتەی نــیگای نــاز کــیژە جـافێکم

***

یاران مەجنونم

یـــاران مــەجنونم، یــاران مــەجنونم
«دێوانە» و واریس جێگەی «مـەجنون»م
ئـاخ و ئـۆف و کـێش و زام لە دەروونـم
بــەوێنەی «مـەجنون» ئـاوارەی تـوونم

ئەوڕۆژەی «مەجنون» لە زوخـاونۆشی...
مـەینەت فـەوتانی، کـفنیان پـۆشی
مـن بـوومە واریس لە قـەوم و خـوێشی
سـپاردی بـە مـن ئـازار و ئـێشی
نـاڵ و هـاوار و پـەژارە و هـیجران...
ئـاخ و ئـازار و دەروونـی پـرژان
وێـڵ و ئـاوارە، شـێت و سـەوداسـەر
گـیری ئـازاری یـەک لە یـەک زیـاتر
بـێخۆراکـی ڕۆژ، بـێخەوی شـەوان..
هـاوڕێی تـاقمی دوڕەنـدەی کـێوان...
شین و واوەیـلای زامـی پـڕ لە سـوێ...
فـەریاد و نـاڵەی ئـێشی کـۆن و نـوێ...
کـۆیکردبونەوە ئـەمانە یـەکسـەر...
بـەخوێنی جـەرگی، نـووسی لە دەفـتەر
وتـی مـن «مـەجنون» تـۆ «دێـوانـە»بـە
هـاوڕێی دوڕەنـدەی ئـەم کـێوانـە بـە
لەسەر ڕووی زەمـین نـەیتوانـیوە کـەس
جێ و شوێنی «مـەجنون» بـهێنێتە دەس
من حەرامـمکرد لەخـۆم خـورد و خـەو
تا میراتگیربووم چـوومە جـێگەی ئـەو

ئای جەند خەمناکم، ئەی دونیای فـانی
خـوایـە فـەناکـەی «مـەجنونی» سـانی
با شوێن و جـێگەی نـەمێنێ «مـەجنون»
کـــوێریکەرەوە هــەواری مــەحزون

***

دڵ بەداخەوە

دڵ بـــەداخـــــەوە، دڵ بـــەداخـــەوە
ئـــەمشەو خـــەریکمام، دڵ بـەداخـەوە
بـــە داخـــی «شـــەم»ی شـەوچراخـەوە
هـــــەتا نـــەسیم هـــات لە لەیـــلاخەوە
کزەی نەسیمی (روضە)ی (رضـوانـی)
هـێزبەخشیگیانی ســەتساڵەی فـانی
کـــزەی هـــەناسەی (مـەسیح) ئـاسایی
ئـــــاسودەی ئـــێشی زامــی جـیایی
شارەزایـی ڕێی شـایی «شـەم»جـەبین
دۆســـتی «دێـوانـە»ی تـەوەللا لە ژیـن
عـــەتری زوڵـــفانی بـــۆهێنام ئـــەمشەو
تەسکین بوو بۆ ئێش، دەرمانیش بۆ خەو
پــــرسیم نـــەسیمی دەمـــی بـــەیانی...
ئەم بۆنە خۆشەت لەلای «شەم» هـانی!!؟

بالندەی تیژباڵ لە دەشت و سەحرا
تۆی ئاگاداری ئاوارە و تەنیا
چۆن زانیت ئەمشەو من واهیلاکم!؟
گیرۆدەی داخم تەنیاوو تاکم
ئەم بۆنە خۆشە «شەم» پێتی داوە...
پێم بڵێ نەسیم، چۆنت هێناوە؟
وەڵامی داوە نەسیمی بەیان..
وتی: «دێوانە»ی هەرد و بیابان
هەرکاتێ کە «شەم» زوڵف دادێنی
هەناسەم بۆنی بۆلای‌تۆ دێنێ
کەم ئەکا سزا و ئێشی تەنیایی
کز ئەکا کڵپەی ئاگری جیایی
منیش ڕابەری ڕێگەی دڵانم
مەحرەمی ڕازی ڕومەت گوڵانم
هەر کە وەرمگرت بۆم‌هێنای ئەمشەو
زانیم بەسوودە بۆ چاوی بێ‌خەو
دەک بەفیدات‌بم سروەی بەیانی
لە کاتی پێویست دەرمانت هانی
گەر نەگەیشتایە دەرمانی دەردم...
بێ‌کەس و تەنیا ئەمشەو ئەمردم

***

ئاخ، بریندارە!!!

ئـــاخ! بـــرینداره!، ئـــاخ بــرینداره!
دڵـــم بـــه تــیری «شـــەم» بــرینداره
گـــیانم پـــڕ له ئــێش، دەرد و ئـــازاره
دیـــــدەم نـــابینا تـــاریک و تـــاره
بـــەگـــلەیی نـــیم، مـــن له ئـــازارم
سکـــاڵا نــــاکـــەم لەدەس هـــاوارم
سـەرێ هـەمووكات له سـەودات نـەبێ...
له ڕاگــوزەردا گــەردی «پـا»ت نـەبێ...
ســـەری وام نـاوێ بـا له «مـل» جـیا بـێ
خـــەڵتانی خـــوێن و تـــاک و تـــەنیا بـێ
«پێ»یەک پێ‌ی‌نەکەم هات و چۆ بۆلات...
«گـیان»ێ نـەکـێشێ شـەوورۆژ جـەفات
ئـــەو پـــێیە مـــاری حـەوسەر بـێ‌گەزێ
ئـــــەو گـــیانە بـــە زام تـــوێ‌توێ داڕزێ
«زمـــان»ێ مـەدح و سـەنای تـۆ نـەکـا...
نـــەپارێتەوە، دۆعـــــای بــۆ نـــەکـــا...
ووشک و بێ‌دەنگ‌بێ وێـنەی پـەلاس بـێ
ئـەنجن ئـــەنجنی تـێخی ئـەڵماس بـێ
ئـاخ له دووری تـۆ «شـەم»ی ڕونـاکڕوو
«پەروانە»کەی ڕووت هاکـا لەدەس چـوو

جوانی ژێر ڕەش‌ماڵ

جوانی ژێر ڕەش‌ماڵ، جوانی ژێر ڕەش‌ماڵ

فریشتەی بەهەشت دانیشتوی ڕەش‌ماڵ
«کەو»ی سەرچینە خاوەن خەت و خاڵ
«شەم»ی شەفابەخش شادی پەروانان
سەرکردەی پۆلی دیدەقەترانان
«ئاسک»ی سەرکەل لە تیرەی تەتار
سرک و دیدەمەست سبەینان دیار
گفت و گۆ شیرین پێشڕەوی جوانان
نازداری خێڵان شای نەونەمامان
«ئاسک»ی خۆش‌ڕەو لە هەردی ئێلاخ
چەند ڕاوچیانت ڕاو کردن بەداخ
کارئاسکی گەرمیان پەروەردەی هەردی
شاهینی توندەنگ شۆخی بێ‌گەردی
ئای چۆن تیرێکت داوە لە جەرگم
زامی بەئێشە تا ڕۆژی مەرگم
من ڕاوچی ناشی، تۆ نەچیری چاک
دەرچوی لە جەرگم ئازانە بێباک
مەگەر بەزەیی خواوەند بێتە کوڵ
بولبولی دڵم شاد بکا بە گوڵ

ئـــەینا مـــن ڕاوچـــی دەشـتـەی مـەینەتم
هــــەتاكـــو مـــردن كـــەیلی خـــەفەتم

***

هەرمن ناشادم

هـــــەرمن نـــاشادم، هــەرمن نـــاشادم
هــەمووكەس شـادە، هـەرمن نـاشادم
هــەرمن نـــاگـــاتە لای «خـــوا» دادم
هـــــەرمن بـــێبەشی قـــاپی مـــورادم
هــەرمن ڕێی مـۆری نـەردم گـیراوە
هــەرمن شـەشدەری بـەختم تـەنراوە
هــەرمن نـــاسازە فـــەلەك لە بـــەختم
هــەرمن گـــیرۆدەی ئـازاری سـەختم
هەرمن چەرخی چەپ لێم چوو بە قینا
هــەرمن ڕۆژڕەشـــم لە ڕووی زەمـینا
هــەرمن ئـــەستێرەی شـــادیم گـیراوە
هــەرمن فـــریشتەم دەربـــەدەر مـــاوە
هــەرمن ئـــیقباڵ و بـــەختم نـوستووە
هــەرمن ڕێگـــەیی ڕاستم وون بـووە
هەرمن چـەوساوی دەسـتی گـەردونم
هەرمن بـادەنۆش جـامی «مـەجنون»م

هەرمن «پەروانە»ی غەمناک و خەستەم

هەرمن گڕی عەشق بەربوەتە جەستەم

هەرمن وەک بولبوڵ یەک فەسڵم وەسڵە

هەرمن سێ فەسڵی عومرم بێ ئەسڵە

هەرمن ڕۆژی ڕوون لە چاوم تارە

هەرمن ژیانم وەک ژەهری تاڵە

هەرمن گیرۆدەی ئێش و ئازارم

هەرمن بە «پاییز» گۆڕا «بەهار»م

هەرمن سزاکێش داخ لەسەر داخم

هەرمن چاوەڕێی ڕێگەی «لەیلاخ»م

هەرمن بۆ دۆستی، ئێلاخ نشینم

وەختە بێتەدەر گیانی شیرینم

تا ئەوڕۆژە خێڵ ئەگەڕێتەوە

من بە داخەوە سوێم ئەبێتەوە

مەگەر خوداوەند بێتە فریادم

ئەینا تا مردن خاتر ناشادم

***

دەلیل «شەم»ت دی...؟

دەلیل «شەم»ت دی؟، دەلیل «شەم»ت دی؟

لە «لەیلاخ» هاتووی «شەم»ی جوانت دی؟

ئـــاسکی پـێش ڕەوی ئـاسکانت دی؟
نـــووری بـــینایی دووچـــاوانت دی؟
نـاسک و شـل و مـل بـێ ئـەندازت دی؟
شـۆخی شـیرین دەنگ شەکـرڕازت دی؟
کۆچی خێڵ خانەی ئـێڵی (جـاف)ت دی؟
پـێشەنگی جـوانـان سـەوڵی سـافت دی؟
«شـــەم»ی سـوتێنەر پـەروانـانت دی؟
خـــانی خـانەدان گشت خـانانت دی؟
ئـاسکی مـل بـە خـاڵ لە هـەردانت دی؟
دەرمـــانی ئـــێشی پـاک دەردانت دی؟
شـێوە خـەواڵـوو خـاڵ کـوتراوت دی؟
هـــەوێنی عـەتر و هـەم گـوڵاوت دی؟
نـــەمامی ســاوای نـاو بـاخانت دی؟
تـاکـە جـوانـەکـەی ئـێڵاخانت دی؟
دەوای پـــــەژارە و غـــەمی دڵت دی؟
پـــەری زادەکـەی سـرک و سـڵت دی؟
ئـــێڵ و ڕەش مـاڵی کـوێستانانت دی؟
جـێگەی پـیرۆزی «شـەم»ی جـوانت دی؟
«شـەم»ت نـەدیوە لە جـێگەی پـەنهان؟
بپرسێت ئـەحواڵ «پـەروانـە»ی بـێ گـیان؟

نەمزانی کە «شەم» پەیمانشکێن بوو
لەو شەرتەی بەستمان ئەو بێبەڵێن بوو
ساردی کوێستانان مەیلی کردوە سارد!
لەباتی وەفا جەفای بۆ من نارد
کەیفی زۆرخۆشە دونیای بەکامە
دیارە مەیلی لای (ابن‌سلام)ە
کوا عەشقی ڕاستی دەلیلی دیاری؟
ئەگەر تۆ ڕاستی بۆچی بێزاری؟
ڕاستم پێبڵێ با دڵنیا بم
«قەیس»ئاسا وێڵی دەشت و چیا بم

***

سەر ئەنێمەوە

شەرتە لە داخت سەرئەنێمەوە
ڕۆینێ ئەڕۆم ناگەڕێمەوە
سەرتاپێم ڕەشکەم تەرکی دونیا کەم
پشت لە قەوم و خوێش ڕوو لە سەحراکەم
دڵەی پڕ دەردم پارەپارە کەم
ڕیشەی جەرگی خۆم بە قەنارە کەم
شەو تا بەیانی ناڵە و هاوار کەم
ناحەزی بەدگۆ لەبەینا تار کەم

مــــەگــــەر ئــەوساتە دڵــم بــێ‌خەم‌بێ

گیانم بـە قـوربان دووچـاوی «شـەم» بـێ

***

هاوار لە ئێشی

هــــاوار لە ئــێشی زامــانم ئــەمشەو

ڕەنگــــینە بـە خـوێن دامـانم ئـەمشەو

کوا حـەکـیم بکـا دەرمـانم ئـەمشەو؟

وەک «ئەیوب» دیدە گـریانم ئـەمشەو

زامــم بــە ئــێش و کـاری‌یە ئـەمشەو

پــــیشەم نــاڵین و زاری‌یــە ئــەمشەو

یـاران لەدەس‌چـوو حـەیاتم ئـەمشەو

وەک «خضر» تووشی زوڵماتم ئەمشەو

بــێن بــە فــریای گــریانم ئــەمشەو

زیــــندانــــی تــارە ژیــانم ئــەمشەو

***

یاران نەوبەهار

یــاران نــەوبەهار، یــاران نـەوبەهار

ئەمساڵ لە بەختم «پـاییز»ە «بـەهار»!

هــاتەخوار کــۆچ و کـۆچ‌خانەووبار

لێڵاویم داهـات ئـەمدی کـۆچی یـار

خێڵات هاتنەخوار پۆلپۆل لە سەردا
هەموو دابەش بوون لە سارا و هەردا
دیارنیە بار و بارگەی دڵدارم
بەهاری جوان بوو بە ژەهری مارم
هەرگوڵ بە ڕەنگی خۆی ئەنوێنێ
دڵم بە جوانی دائەچڵەکێنێ
هەر داخ و ئێشە دێتە سەر دڵم
لەم بەهارەدا نەپشکووت دڵم
بە بۆی هیچ گوڵێ گەشە ناکا دڵ
ئازار و ئێشە بینینی سومبوڵ
نەرگسی گەش و جوانی هەڵاڵە
لەبەر چاوی من کۆگای زوخاڵە
سۆسەن پێمئەڵێت بۆ لائەدەی لێم؟
جوانی ئازیزت (تەشبیە) بکەپێم
سەیرانی بەهار لام زەهری مارە
ئەڵێن سەیرکە ئەمڕۆ بەهارە
وەختە لە دوری شای شەم جەبینم
بێتەدەرەوە گیانی شیرینم
یاران، هامسەران، حالم بێحاڵە
من لە بن بەردان «شەم» لە ڕەشماڵە

***

لەو نووری «شەم»ە

لەو نووری «شەم»ە، لەو نووری «شەم»ە
هەزار ماشەڵڵا لەو نووری «شەم»ە
لەو نوورە پاکەی چەرخی چوارەمە
لە شەوق پرشنگ مانگی چواردەمە
لە پێچی هاتووی ئەبرۆی کەوانی
لە ڕێک وەستانی برژانگی جوانی
لە قەد و بالآی ڕێک ڕاوەستاوی
لە گۆنای ئاڵی بۆنی گوڵاوی
لەو تا پەرچەمەی دڵی پێ گیرە
لەو پرچە لولە وێنەی زەنجیرە
لە لێوی ئاڵی یاقوت نوێنی
لە گفت و گۆی خۆش شەکرشکێنی
لە چەناکەی خڕ خڕیل و چاڵی
لە ژێر گەردنی ئاڵتونی خاڵی
لەو گەردنەبەرزە شوشەی بادەیە
لەو سینە سپی و ساف و سادەیە
لەو نێو نیگایەی سەد نازی پێیە
لەو لێوە ئاڵە لەو گوارەی گوێیە
لەو دوو چاوانەی کە پڕ لە نوورە
لەو سینگە سپی یە وێنەی کافورە

لەو نـــەزاکـــەتو ڕەوشت ســـەنگینە
لەو قـــۆڵە پـــڕە پـــەنجە نـــەخشینە
لەو ڕێ ڕۆیشـــتن و ڕەوتـــە نـــاسکە
لەو ســـرک و سـڵیەی چـەشنی ئـاسکە
لەو تـــــووڕەبونە لەو شـــیرین ڕووە
لەو گـــەردنەبەرزە و لەو ئـــاسک خـووە
جـــوانـــیت «ســنعان»ێ لائـەدا لە دیـن
بـــە کـــەنیزت‌بێ گـوڵ‌ئەندامـی «چـین»
چـــەند ســـەردارانت بـۆ سـەرگەردانـن
وەک مــــــن داخ‌لەدڵ واپـــەرێشانن

***

هەی دەربەدەر خۆم

هەی دەربەدەر خۆم، هەی دەربـەدەر خـۆم
ســـەرکز و مـــڵ‌کز، هـەی دەربـەدەر خـۆم
«قەیس»ی سەرشێواو هەی خاکەسەر خـۆم
بـــەدبەخت و ڕۆژڕەش ژیـــان‌سەقەر خـۆم
بـێ بـەش لە دونـیای دیـن و دولبـەر خـۆم
ســـەر لەســـەر ئـەژنۆ دەس لەکـەمەر خـۆم
هـاوڕێ و هـاودەمی سـەد جـانەوەر خـۆم
کـــاس و ســـەرشێواو زامـــی‌خەتەر خـــۆم

دیل و پێبەستی (ڕۆم) و (تەتەر) خۆم
باخەوانێکی باخی بێبەر خۆم
دوورکەوتوی وولآت چاوبەگریان خۆم
بێبەشی کۆڕی خانەدانان خۆم
سەر تا پێ سوتاو دوورکەوتوی یار خۆم
دڵ بە ئازاری زامی نادیار خۆم
بالآ چەوتاوە زەرد و ڕیسوا خۆم
بێهۆش و کاس و شێت و شەیدا خۆم
جێی تیر و تانەی گشت ناکەسان خۆم
وێڵ و ئاوارەی کەژ و کێوان خۆم
گیری زەنجیر و پێبەستی «داو» خۆم
عەقڵ و هۆش و بیر تاڵانکراو خۆم
بێکەس‌وکار و ڕیسوای زەمان خۆم
برسی و بەرەڵڵا ڕووت و بێنان خۆم
گیرۆدەی فەرهەنگ یا بەند و دین خۆم
کەشتی‌شکاوی ناو دەریای «نیل» خۆم
ماڵ بە تاڵانچوو، مایە بەتاڵ خۆم
دڵڕەش وەک قەقنەس بە کۆیزوخال خۆم
ڕووزەردی دیوان دۆست و یاران خۆم
گیرۆدەی مەینەت وێڵی شاران خۆم

***

ئەرێ تولْی نەی

ئـەرێ تـولْی نـەی، ئـەرێ تـولْی نـەی
ئـەرێ نـەونەمام بـاڵا تـولْی نـەی
ئـەرێ دیـدەمەست چـاوپیاڵەی پـڕمەی
سزای تـۆ تـاچەند سـەبری مـن تـاکـەی

***

ئـەرێ ئـەی شـیرین بـاڵا زەڕ سـتون
داڕێـژراوی حـەق کـارسازی بـێچون
من بووم بە «قـەیس»ی ئـاوارە و مـەفتون
ڕەنگ‌زەرد، پەرێشان زیاتر لە «مـەجنون»
چاو پڕ لە ئەسرین ڕەنگم زەرد وەک بەی
سزای تـۆ تـاچەند سـەبری مـن تـاکـەی

***

ئـەرێ نـەونەمام تـازەو تـەڕ و جـوان
شـۆخی چـاوخومار فـریشتەی ئـاسمان
لە تـاوی بـاڵات مـنی سـەرگەردان
تک‌تک خـوێنی‌گەش ئـەڕژێ لە چـاوان
شەووڕۆژ ئـەگـریم ئـە نـاڵێم وەک نـەی
سزای تـۆ تـاچەند سـەبری مـن تـاکـەی

***

قــەسەم بــە تــاتای زۆڵـفی چـین‌چینت
بــە ووردەخــاڵ و عــەتری مـوشکینت
بــە گــۆنای ئــاڵ و شــوشەی جـەبینت
بـە شـەوق و جـوانـی شـێوەی شـیرینت
بــە وێــنەی «مـەجنون» بـیابان کـەم‌تەی
سزای تـۆ تـاچەند سـەبری مـن تـاکـەی

***

گەر باوەڕ ئەکـەی «زوڵـەیخا»ی سـانی...
بــــە ئــایەی قــورئان زاتــی ڕەبــانی
بــــەهەشتی ژیــــنم بــە تــۆوە، فــانی
لە داخــی بــاڵات حــۆری ڕیــزوانــی
تاکەی ناڵەی‌بێ دڵەکـەی مـن وەک نـەی
سزای تـۆ تـاچەند سـەبری مـن تـاکـەی

***

ئەی دڵ بە «بەرد» بی

ئەی‌دڵ بە «بەرد» بی، ئەی‌دڵ بە «بەرد» بی
ئەی‌دیدە کوێـر بی ئەی دڵ بە «بـەرد» بـی
زوبــان تــۆ لاڵ‌بــی خــۆشی‌بەدەر بــی
ئەی لەش بەباربی ئەی ڕوخسار زەرد بێ
ئــەی گــوێ نـەبیستی تـەواوی کـەڕ بـی
کـپ و بــێ‌دەنگی بـاکـەی سـەڕسەڕ بـی

(طــالع) بـەکـامی مـن نـەبووی جـارێ
ئەی (طالع) و بـەخت بـەردتان لێبـاری
ئـەی فـریشتەی مـن پـێمبڵێ تـۆ کـوای؟
لەنـــاو فـــریشتان بـــۆچی دەرکـــرای؟
ئـەی ئـیقباڵی ڕەش ســەرنگون مـاوی
لە گـــێژی ئـاوی «هــامون» خـــنکاوی
خۆم بە خۆم ئـەڵێم بـەکـۆی زوخـاڵ بـم
فـــەنا و ســـەرگەردان مـــایە بـــەتاڵ بـــم
چـــەنسال تـەوەللا لە شـادی و خـۆشی
خـــوێن و زوخـــاو و ئـــازارم نـــۆشی
شـــەووڕۆژ بـــێخەو گـــەرمبـــوو شـــینم
تـــا بـــەژن و بـــاڵای لەیـــلم بـــبینم
خـــەوی مـــەرگم بـــێ، خـــەوم کـــردبوو
چـاو لە خـــەوابـــوو «شـەم» ڕابـوردبوو

***

بایەقوش ناڵان

بـــایەقوش نـــاڵان، بـــایەقوش نـــاڵان
تـــۆ ئـــەکـێشی هـۆ، مـن تـا ڕۆژنـاڵان
مـــــن خـــێڵی شـــادیم کـــراوە تـــاڵان
تـــۆ دەردت چـــیە هـــاودەردی ســاڵان

من «پەروانە»ی شەوق «شەم» جەماڵێکم
کوشتەی نیگای ناز سۆسەنخاڵێکم
ناڵەناڵی من لە سەودای یارە
دڵم لە دووری ئەو بێ قەرارە
تۆ شەو هەتا ڕۆژ سەرووەتت نیە
دەردەداری کێ ی ئازارت چیە
من سووتاوی گڕ بڵێسەی نوورم
بەڕۆژ ئەسوتێم بەشەو «دەیجور»م
تۆ داخ و دەردی کێت لە دەروونە؟
وەک من سەرگەردان جەستەت زەبوونە
من موبتەلای دەرد مەست و مەفتونم
جێگە نشینی «قەیس»ی مەجنونم
تۆ لە عەشقی کێ وێڵ و دێوانەی؟
شەوان بێ خەوی لە جێی وێرانەی
سەد خۆزگەم بەتۆ نیتە داخ و ئێش
قەت بەمن نەبێ جەور و جەفا کێش
تۆ هەر عاشقی جێگەی وێرانەی
بێباک لە لۆمە و تەشەر و تانەی
منیش فەوتاوم بەم گشت داخەوە
لە دووری «شەم»ی شەوچراغەوە

بـــەڕۆژ خـــەریکی گـــەنجی مـــاتەمم
بـــەشەو لە یـــادی ســـەرگۆنای «شـــەم»م

***

بێزاری هۆزان

بــــێزاری هــــۆزان، بــــێزاری هــــۆزان
«قـــەیس»ی ســـەرشێواو بـــێزاری هـــۆزان
ویســــتتان بـــــمبینن دڵســــــۆزەکـــــانم
هـــەردەکـــەی (نـــەجد)ە شـــوێنی ژیـــانم
گـــەر یـــادتان کـــردم دۆســـتان و یـــاران
یـــــا وێـــــڵی هـــــەردم، یـــا لە کـــۆساران
هەرشوێنێ کە زوو جێگەی «مەجنون» بوو...
پەستراوی ژیری «قەیس»ی مەحزون بـوو...
ئـــەوشوێنە جـــێگای هـــەڵس و کـــەوتمە
جـــێی ڕازی دڵـــەی قـــەت نـــەسرەوتمە
هەرجێیەک خاک و خۆڵی بـە قـوڕ بـوو...
جـــــانەوەری زۆر لەوشـــوێنە پـــڕ بـــوو...
ئـــــەو قـــــوڕە قـــــوڕی گـــــریانی مـــنە
جـــــانەوەر پـــــاکی مـــــیوانـــــی مـــنە
لەســـەر هـــەر بـــەردێ شـــانم دا دابـــێ...
بـــێ تـــۆ لەو بـــەردە زوبـــان پـــەیدا بـــێ

پـــرسیاز لە بـــەرد کـــەن ئـــەزانـــێ حـــاڵم
لە قـــــرچـــــەی دەروون لە ژیـــانی تـــاڵم
ئـــــەگـــەر لەو جـــێیە نـــیشانم نـــەبوو...
ئـــــاساریێ لە جـــێی وێــرانـــم نـــەبوو...
ئـــــەوسا بــــزانـــــن مـــــەحاڵە بـــوونم
لە هــــەردانکـــەوتو وێــنەی «مـــەجنون»م

***

بارەکەڵڵا «شەم»

(بارک اللّه) «شەم»، (بارک اللّه) «شەم»
خالق چـۆن «شـەم»ت هـێنایە بـەرهەم؟
نـــەققاشی قـــودرەت ڕای‌کـــێشا قـەڵەم
لەم سەرزەمینە (لا) وێنەی «شەم» کەم!!!
تۆ تیشکی نووری هەڵدێی سوبح‌دەم
ئاسمان چەماوە لەجـوانـیت بـوو خـەم
ئەبرۆت وەک کەوان خـالقی (ئـەعزەم)
خـەدەنگ ئـەهاوێ بـۆ دڵـەی پـڕ خـەم
سـرکی بـەوێنەی ئـاسکی خـۆش‌ڕەم
گـــیانبەخشی بـێ‌گـیان پـێکەنینی دەم
تیری برژانگت تـیپ‌تیپ کـردون جـەم
بێ باک ئـەی‌هاوی بـۆ گـیانی خـەستەم

زوڵفت دا پۆشی مانگی ڕووت وەک تەم
جوانیت بە وێنەی «مەسیحا»ی «مەریە»م
ڕۆخساری گەشت مانگی چواردەهەم
دەمت شەکراوی سەرچاوەی زەمزەم
سیودوو ددانت مرواری سەر جەم
لێوت وەک لێوی پیاڵەی عەجەم
خاڵت سلێمان کردی بە خاتم
دو دانە گەوهەر پێیان ئەڵێن چەم
سێوی سەر سینەت تازەو گوڵ بە دەم
بە خوا وێنەیان لە بەهەشتا کەم
یەزدان بەم جۆرە هێنایەبەر هەم
بۆیە بەم چەشنە ناوی‌نرا شەم
دەنگی زوڵاڵت بۆ زامان مەرهەم

***

باڵندەی تیژباڵ

باڵندەی تیژباڵ، باڵندەی تیژباڵ...
قازان قوڵەنگان، مەلانی تیژباڵ...
بۆم بکەونە ڕێ سا بەهەر ئەحواڵ
بچن بۆ ئێلاخ شوێنی دیدەکاڵ
بگەڕێن لوتکەی چیای لەیلاخان
هەوارگەی خۆشی بوڵەند دەماخان

ئــەبینن ڕەش‌مــاڵ چــەند هــەڵدراوە
جـــوانـــان لەنــاویا شــانیان داداوە
پۆل‌پۆل وەک پەری نازدارانی جـاف...
جوان و نازەنین گەردن شوشەی ساف...
هەموو خــان و مـان کـۆڵوانـە لە کـۆڵ...
ئاڵاو واڵاپۆش جوان و گـورج و گـۆڵ...
یــەک‌یـەک شـۆخانی ئـێڵی مـورادی...
لە کــوێستان لەگـەڵ قـیبلەم بـە شـادی
بگــەڕێن بــەسەر گشت ڕەش‌مــاڵاندا
ســوور بـخۆن بـەلای سـۆسەن‌خاڵاندا
خــەبەر کــەنەوە، خــەوتوون لە خــەو
بــا ئــاگــادار بـن، ڕۆیـی تـاری شـەو
جوانان لەگەڵ «شەم» ڕومەت وەک هەتاو
لەوێ هـــەمویان ئـــەبینن بــــەچاو
خۆزگە وەک ئـێوە مـنیش مـەل ئـەبووم
بــە بــاڵ ئـەفڕیم، بـۆ جـێ‌یە ئـەچووم
بـــەهێزی بـــاڵم ئـــەچوم بـــۆ جــێ‌یە
ئــەوشوێنە ئـێستا وونبــوومی لێ‌یـە!
تــا «شـــەم»م لەگـــەڵ پـــۆلی جـوانـان
تــێر بـەچاو ئـەدی کـە دێ بـۆ نـاوڕان

***

ئەی چرای ڕووناک

ئەی چرای ڕووناک، ئەی چرای ڕووناک
فەلەک بێمەیلە باوانت بێباک
تۆ «لەیل»ی دێرین من «قەیس»ی خەمناک
چۆن بگەینە یەک خوای تەنیا و تاک
گەر بەسەر ڕازین پێش‌کەشتان‌بێ سەر
گەر گیانتان ئەوێ گیانم بێتە دەر
گەر ماڵتان ئەوێ بێ‌ماڵ و حاڵم
شێت و سەوداسەر وێڵ و عەوداڵم
هەموو هەوڵێکم گەیشتن بە تۆیە
بەتەمای هیچ‌نیم لەم کرد و کۆیە
گەر بۆ دادگا بەرم من هاوار
دیارە باوکتە زاڵم و تاوانبار
ئاخ بۆ «نۆفڵ»ێ کارم مەیسەرکا
من بەتۆ شادکا ناحەز بێ سەرکا
ئەمجا بگەڕێن لە کوچە و خێڵدا
بەشوێن «پەروانە»ی ئاوارە و وێڵدا
منیش ڕووبەڕووت بە دڵ و بە گیان
کەژاوەت بگرم بتهێنمە دیوان
هەرگیز مەترسە کە ناوت نەنگ بێ
باوکت لەمکاتە زوبانی لەنگ بێ

قـەوم و خـوێشانت پاکی بەدناو بێ
ئـەمکارە بـۆ مـن کـارێ تـەواو بـێ
مـن بـێسامانم بـێپارە و بـێ پـووڵ
کـرداری ئـاواقـەد نـاکـەم قـەبووڵ
هـەتا زیـندوبم لەسـەر ڕووی زەمـین
مـن بـە مـەیلی تـۆ ڕائـەبورم ژیـن
خـۆ ئـەگـەر ڕۆژێ دونـیات بـەکـام بێ
هـاودەمی شـەوت (ابـن‌سلام) بـێ
ئـەوسا ئـەو دەردەش بـا لەبـان دەرد بـێ
تۆ خۆش‌بی بامن هەر جـێگەم هـەرد بـێ

***

نامە

نامەی مەلا «عومەری ڕەنجوری» بۆ «وەلی دێوانە»

زانای خـۆش‌خەیاڵ، زانـای خـۆش‌خەیاڵ
زانـای هـونەرمەند تـوانـای خـۆش‌خەیاڵ
دانـای دوڕشـناس، کـانگەی پـڕکەماڵ
نـاسک‌بینی ڕاست، ئـاگـاداری حـاڵ
هـونەری خـۆش‌گۆ گـەنجینەی زەمـان
بـەیتت پـڕمانا، «سـەعدی» خـۆش‌زمان
جـێنشینی جـێی «حـاجی» جـەوهەردار
جـەواهـێر فـرۆش، سـەرچـاوەی ئـەشعار

«پەروانە»ی دەوری «شەم»ی ڕوومەت گوڵ
شەیدایی شێوەی شیرین لەناو دڵ
لەسەر زەمین پاک دڵ وەک ئاوێنە
«قەیس»ی قەدیمساڵ «تاکە»ی بێوێنە
زاماری جیایی دڵ کورەی ئاگر
ئەوەی من ئەڵێم لەلاتە زاهیر
زیاتر لە زومرەی خاوەنکەماڵان
زەوقی دیدەنمە شاهی عەودالان
مەیلم لە خۆشی گفت و گۆی تۆیە
وتەت شادبەخشی دڵەی تویٚتویٚیە
خواوەندی پاک ئاگای لە حاڵە
تاسەی دووری تۆم هەر لە خەیاڵە
هەرکەسێ کە دێ لەو شوێن و جێیە
لەو بیابانەی یانەی تۆی لێیە
بەکوڵ ئەپرسم حاڵ و ئەحواڵت
وەرئەگرم، چۆنە ژیانی تاڵت
بڵێ زانای باش دۆستەکەی گیانی
تۆ لە بارەی من شتێ نازانی؟
تۆ هیچ ناپرسیت لە ئێشی گیانم؟
لە پەشێو حاڵی و دڵی پڕژانم؟

هیوام ئەوەیە ڕۆژێ لە ڕۆژان
لە تۆوە بۆم بێ نامەیەکی جوان
خۆزگە بۆم ئەهات نامەی پیرۆزت
سکالا و دەردی دڵی ئاڵۆزت
بۆچی بە نامەت تۆ نامکەی دڵشاد؟
یادت بەڕێکە با نەچی لەیاد
من بۆ یادگار نامەم بۆ ناردی
تا تۆیش یادمکەی بەخوام سپاردی
کاتێ یادی‌تۆم هێنایە بەرهەم
تەمەن گەیی‌بوە: «پەنجا»، «پێنج»ی کەم
ساڵی هەزار و دوسەد و نۆ بوو
نامەی نوسراوم بەرەولای تۆ بوو
«ڕەنجوری» ڕەنجۆر پر ئێشی دونیام
بۆ جوابی نامەت چاوەڕێی ڕێگام

***

وەلام

وەڵامی نامەکەی «ڕەنجوری»

لەلایەن «وەلی دێوانە»وە[1]

١. کاتێ ئەم هۆنراوەیەت خوێندەوە، ئەتوانی بڵێی کە «وەلی» خوێندەوار نیە!!!؟ یاخۆ «وەلی» شوان بووە لەبەر مێگەل؟. جا تکایە بەووردی سەرنج بدە و خۆت وەلامی خۆت بدەرەوە. ڕازی

زانـــــای دورِشـــناس، زانـــای دورِشـــناس
مـــەولای «ڕەنـــجوری» دانـــای دورِشـــناس
هـــەیاسی زانـــا ئـــەسڵ و نـــەسەب خـــاس
نـــــەتەوەی خـــاسان (نـــظامی) قـــیاس!!!
(فـــیردۆسی تـــوسی) (جـــامی) مـــەلەک‌جـــام
(خــــــاقانی) خـــەیاڵ، (ئـــەنوەری) ئـــەیام
(ســــــەعدی) قســـەزان دەریـــای مـــەعانی
(حـــافظ)ی «شـــیراز»، (صـــائب)ی ســـانی
بـــە تـــاکـــی خـــوای گـــەورە و بـــێ‌هاوتا
هـــاوتای تـــۆ نـــاکـــەن لەســـەر ڕووی دونـــیا
(شــــــەوکەت) نـــوقمی دەریـــای مـــەعناتە
(عـــــیسمەت) لە وەســـفی ســـیفاتت مـــاتە
مــــــەولانا (ظـــــــهیر) (فـــــارابـــی) دەوران
(فیض‌اللّه)ی (فاضل) (نادری) خۆش‌خوان
چــــــەند شـــــاعیر هـــەبێ بـــەو نـــاونیشانە
عــــــــــیلمت ئـــــەخوێنن لە قـــــوتابخانە
(غـــــواص)ی قـــوڵی دەریـــای عـــلومی
شیعرت (مـەسنەوی) یـا مـەلای (ڕومـی)[1]
تـــۆ شـــوکر کـــەهەیت ســـایەت بـــێ زیـــاد
مـــــن چـــــیم بـــەم‌جۆرە مـــنت هـــاتەیاد

١. مەبەست: مەولانای ڕومی‌یە، خاوەنی کتێبی (مثنوی).

بـــێ لە پـــیاو تـــی و گـــەورەیی کـــردن
چـــیه هـــەژاری وەکـمـــن یـــادکردن
هـــەڵبەت زانـــیوته هـــەناسه ســـاردم
لەڕوی بـــەزەیی نـــامەت بـــۆ نـــاردم
ئـــەوابــۆمدەرکەوت زانـــای دەرونکـــەیل
تـــۆ خـــاوەن لوتـــفی یـــانێ مـن بـێ مـەیل
مـــن ســـوێندم بـــە زات پـــاکـــی یـــەزدانـه
هـــەمووکات نـــاوت ویـــردی زوبـــانه
هـــەرچـــەند بـــە خـــزمەت تـــۆ ئـاشنا نیم
بـــەڵام لە یـــادت ســـاتێ جـــیا نـیم
شـــەووڕۆژ دڵـــی گـــەرمی «پـــەروانـــە»
ئـــارەزوی جـــارێ دیـــدەنته گـــیانه
قـــەت وا تـــێنەگـــەی گـیانی شـــیرینم،
نـــیشانەی مـــەردی لەتـــۆ ئـــەبینم
چـــیت لەنـــاودڵە هـــەر لە نـــەدیده
قـــەد لەیـــاد نـــاچی ڕونـــاکـــی دیـــده
ووتـــەت پـــێشڕەوی نـــوسراوی مـــنه
نـــامەت ڕونـــاکـــی دووچـــاوی مـــنه
(وەیس) چەند پیّیخۆشبوو (نەبی) ببینێ
مـــن زیـــاتر هـــەستم بـــۆلای تـــۆ دێـنێ

قــەت خــەیاڵ نــەکــەی کــە لەتــۆ دوورم
«دێــوانــە»م بــەندەی مــەلای »ڕەنــجور»م

***

شیوەنی «رەنجوری» بۆمەرگی «وەلی دێوانە»

یـــاران بـــێ‌هەستم، یـــاران بـــێ‌هەستم
یـــــاران لە داخـــــی دڵــم بـــێ‌هەستم
حـــاڵ پـــەرێشان و دڵ مـــارانگــەستم
ژیـــان و شـــادی دەرچـــوو لە دەســـتم
پــەنگی خــواردەوە هــۆنراوەی جــوانــم
خـــەفەت وەک و کـــێو بـــارە لە شـــانم
بــە لێــڵی ئــەسرین لە چــاو دێــتەخوار
دیــدەی بــینینم تــاریک بــوو یــەک‌جـار
ئـــاگـــر لە دڵ و دەروون بـــەربووە
دوکـــەڵی «ئـــاه»م چـــیای گـــرتووە
بـــۆ کــۆچی دواکــۆچ!، «وەلی دێــوانــە»
نـــاوداری عـــەشق «مـــیرزا»ی زەمـــانە
خـــاوەنی شـــیعری ئـــاودار و بـــەتام
«مـــیرزا وەلی» بــوو «دێــوانــە»ی پــڕفام
خـاوەن بـەیت و فـەرد کـانگای کـەماڵ بـوو
بــەزم و نــەزم تــەڕ، خــاوەن خـەیاڵ بـوو

دانــــا و زانــــا، ســــاحێب ئــاسار بــوو
لە هـەڵبەستی جـوان پێشکەوتوو دیـار بـوو
ویــردی ســەرلێوی خــاوەن وەزیــر بــوو
بــــەیتی پــــڕمانا زۆر ڕۆشــــنبیر بــــوو
چــــرای ڕوونــاکــی ئــێڵی جــافان بــوو
شــــانەی لەتلەتی پــــرچ کــڵافان بــوو
دەنگــــــــی دابــــوەوە لە هــــەمووشاران
بــــەرزی کــــردبوەوە نــــاوی نــاوداران
هەرچەند کەم دو بـوو شـیعری خـۆشتەرزە
لە ســــایەی شـیعری تـیرەی سـەربەرزە
(زەنـد) و (زەنگـەنە) (جـاف) و (پـاڵانی)
هــەموو ســەربەرزن بــە «قـەیس»ی سـانی
لە شــیعری شــیرین تــەواو مــەشهور بـوو
لە هەڵبەستی جوان (سەعدی) دەستور بوو
نــازدار و جـوانـی (بـن کـوڕە) و (زەهـاو)
خــــانەدانــــانی ئــــێرە و ئــــەوبەر ئــاو
هــــەمیشە دڵشــــاد بــە شـیعری خـۆشی
عــەشقیان گــەرمکــا عــەشقی لە جـۆشی
ســــینگی ســەدەفی گــەنجینەی دوڕ بــوو
دڵ و دەروونــــی لە زانــــین پــــڕ بــــوو

زوبـــانی ڕەوان (زەنگـــەنە) و (زەنــد)
بــۆی بــەجێ هــێشتین ئـامۆژگاری و پـەند
حەیفە حەیف چەرخی چەواشەی چەپگەرد
«میرزا»ی هەڵکەوتووی ئەمڕۆی ئێمەی بـرد
بـــادەی مـــردنت بـــەزۆر پــێنۆش‌کرد
ڕوی لە جــــیهانی کپ و خـــامۆش‌کرد
کـــێبێ لەدوای ئـــەو ئـــاوابـتوانــێ؟
کــێ ڕەســم و قــانون «مـەجنون» بـزانـێ؟
کــێ مـەدح و سـەنای بـاڵای جـوانـان کـا؟
کـێ نـووری چـاوی پـێشکەش چـاوان کـا؟
کــێ «پــەروانــە»بـێ بـۆ «شـەم»جـەبینان؟
کــێبێ ســەناخوان پــەرچــەم مـوشکینان؟
کـــێ لە بـــای شـــەماڵ بـــپاڕێتەوە؟
کـــێ بـــەرد بـــە «ئـاه»ی بـتاوێتەوە؟
دوای مـــەرگی بــەڕێز «مـیرزا»ی پـڕمایە
خـــۆزگە ئـــەم چــەرخــە هــەڵبگیرایــە
خـــوایـــە ڕوی ڕەحـــمی لێ بـدەرەوە
لە بـــەهەشتی خـــۆت جــێی بکــەرەوە
«ڕەنــجوری» بـۆ مـەرگ «مـیرزای دێـوانـە»
ئـــــاخ و داخیـــــە لەدەس زەمـــانە

***

لە ڕێگەوبانا[1]

لە ڕێگـــــــەوبانا، لە ڕێگـــەوبانا
ڕۆژێک لە ئـــیلاخ لە ڕێگـــەوبانا
دیـم «شـەم» خـەوتبو لە دەم‌بـەیانا
ئەگـریجە و پـەرچـەم تـاتا لە شـانا
وەک پەڕی «تاووس» تاتا لەسەرخاڵ
بـڵاون لەســەر گـۆنای گـوڵی ئـاڵ

***

هاوار لە بەختم

هـاوار لە بـەختم، هـاوار لە بـەختم
هـاوار لە ڕەشـی و نـاپوختی بـەختم
هـاوار لە ئـێشی زامـانی سـەختم
هـاوار، دڵسـۆزێ بـێتە سـەروەختم
هـاوار کـۆستکەوتوی زەمـانە مـنم
هـاوار بـێ‌کـەس و «دێـوانـە» مـنم
هـــاوار نـوقمی گـێژی دەرد مـنم
هـــاوار ئـاوارەی کـێووهەرد مـنم
چـاو بـە فـرمێسک و بـەئازار مـنم
بـێ‌یار و بـێ‌دڵ بـێ‌خەمخوار مـنم

١. ئەم هۆنراوەیە ناتەواو دەستکەوتووە.

ڕۆژ بــێمودارا شــەو بــێخەو مــنم
فــریشتەگــیراو بــەخت شــەو مــنم
ئــاوارە و وێــڵی نــاو شــاران مــنم
غــوولی بــەرەڵڵای کــۆساران مــنم
دەرون هــەڵقرچــاو ڕەفــێقکەم منم
«پەروانە»ی دەوری گۆنای «شەم» مــنم
یــاران تــەگــبیرێ، چــارەیەک کــارێ
دەرمــانی دەردم وا لە کــام شــارێ؟
بــۆکــەسێ نــی‌یە بــێتە هــانای مــن
دەرمـــانکا دڵــی نــاتەوانــای مــن
مــەگــەر هــەر یــەزدان فــریام بکــەوێ
ئــەینا هــەناسەم ئــەگــیرێ شــەوێ
تەواو

***

سۆز و ئەوینی هۆنەرێکی وەک و «وەلی» بەتایبەتی کە ئەم کارەساتە گرنگەی بەسەراهات ئەوەئەگەیێنێ کە هۆنراوەی یەکجار زۆربێ، بەلاّم کەمتەرخەمی و کەمی خوێندەوار لەو چەرخەدا بووە بەهۆی لەناوچوونی گەلێک لەو هۆنراوانە، تاکەتاکەیەکی نەبێ کە دەماودەم وەرگیرابێ، یان لە پشت کتێبی فەقێ و مامۆستاکانی ئەوسەردەمە نوسرابێ و لە لایەنی ئەدەب دۆست و هۆگرانی هونەر و ئەوانەی کە بەدوای کەلەپوری نەتەوەیی دا ئەگەڕێن، کۆکرابێتەوە، وە ئەم چەن لاپەڕەیەی لێ کۆبوەتەوە.

ئینجا بۆ ئەوەی ئەم کەلە پورە نایابە نەچێتە پەردەی نەبوون، زۆر بەتاسەوە تکا لە هەموو ئەدەب‌دۆست و ڕۆشن‌بیرێک ئەکەین کە ئەگەر هەرکام لەوان هۆنراوەکانی «وەلی» نەمری، لایە بێجگە لەمانەی کە بە چاپ گەیشتوون بۆمانی بنێرێ تالە هەل و فرسەت و دەرفەتی خۆیدا چاپی بکەین و بڵاوی بکەینەوە. بۆ ئەم مەبەستە بە چوار چاو چاوەڕوانین. ئیتر هەموان بە خوای گەورە ئەسپێرین.

ڕازی

دیوانی وەلی دیوانە

بەشی هەورامی

سدیق سەفیزادە هێناویەتە سەر رێنووسی نوێ

بسم الله الرحمن الرحيم

(١)

ئەرێ هەی توڵی نەی

ئەرێ هەی تووڵ نەی، ئەرێ هەی تووڵ نەی
ئەرێ هەی نەونەمام قامەت تووڵ نەی
ئەر هەی دیدەمەست چەمپیاڵەی مەی
سزای تۆ تا چەند سەبر من تاکەی

***

ئەرێ هەی شیرین قامەت ئەر ستوون
رەژیدەی قودرەت کارساز بێچوون
منت کردووە «قەیس» سەرگەشتەی مەفتوون
ڕەنگ زەرد و زایف بەتەر جە «مەجنون»
مەگێڵوون هەردان وە جەستەی پڕ وەی
سزای تۆ تا چەند سەبر من تاکەی

***

ئەر هەی نەونەمام تازە ڕەسیدە
سەروەناز سونع «سانع» کەشیدە

جــــه دووری بــالآت ئــەی بــەرگوزیده
هـــــەر دەم مــەوارۆ هــووناو جــه دیـده
شــەوان تــا وەرۆ مــەناڵوون چــون نـەی
ســزای تــۆ تـا چـەند سـەبر مـن تـا کـەی

***

قــەسەم بــه تــوغرای زوڵفی چـین‌چینت
بــــەو ورده خـــاڵان سـیای مــوشکینت
ئـــــەر بـــــاوڕ داری «زڵـــێخا»ی شــانی
بــــه ئـــــایەی کـــــەلام حــەق ڕەبــبانی
بــــەهەشت ڕۆحـــــم بـــــی وه تـــۆفانی
جــــه داخ بــــالآت حــــوور رزوانـــــی
به وێـنەی مـەجنوون هـەردان کـەردم تـەی
ســزای تــۆ تـا چـەند سـەبر مـن تـا کـەی

***

(٢)

ئەی دڵ وه سەنگ بای

ئەی دڵ وه سەنگ بای، ئەی دڵ وه سەنگ بای
ئەی دیده کۆر بـای، ئـەی دڵ وه سـەنگ بـای
ئەی «زووان» لاڵ بای ئـەی خـاتر تـەنگ بـای
ئـــەی «تــەن» تــاوبای ژار فــەرەنگ بــای

ئەی «گۆش» نەژنەوا هەر یەکجار کەڕ بای
ئەی کەڕ وە غەزەب باد سەڕسەڕ بای
ئەرێ تاڵەی من غەزەب وارۆ لێت
ئەرێ بەخت من تەوەن وارۆ پێت
ئەی فریشتەی من وە فەرمان حەق
فریشتان عەرش شەقت کەران شەق
ئەی ئیقباڵ من هەر سەرنگوون بای
سەرنگوون نە قەعر ئاب «هاموون» بای
وێم بە وێم واچوون بە کۆی زوخاڵ بای
تەن نە غەرق بەرق فەنا پاماڵ بای
چەند ساڵەن کە ڕەنج ڕیازەت بەردم
هوون زووخ زام ڕیشەی دڵ وەردم
ئاخ و داخم بێ شەوان تا وەڕۆ
بوینۆ بالای لەیل عەنبەر بۆ
خاو مەرگم بی، خاوم کەردە بێ
دیدەم نە خاو بێ «شەم» ویەردە بێ

***

(٣)

بایەقوش ناڵان

بایەقوش ناڵان، بایەقوش ناڵان
تۆ هۆ کێشەنی من هەر شەو ناڵان

من خـێڵ شـادیم شـەخسێ کـەرد تـاڵان
تـۆ چـێش پـێت ئـامان هـامدەرد سـاڵان
ناڵـەی من جە سۆک سەودای ئـەو یـارەن
دڵـــم جـــە دوری ئـــەو بـــێ قـــەرارەن
من «پەروانە»ی شەوق «شـەم» جـەماڵێکم
کـوشتەی نـیگای نـاز سـۆسەن خـاڵێکم
تـــۆ شـــەوان تـــا ڕۆ بـــانگ هـــۆهۆتەن
دەردەکـــەی دووری زامـەت جـە کـۆتەن
من سـفتەی سـۆزان شـۆڵەی ئـەو نـوورم
بـــە ڕۆ هـەراسـان بـە شـەو «دەیـجوور»م
تـــۆ داخ هـــجران کـــێت نـــە دەروونـــەن
چون من سەرگەردان جەستەت زەبـوونەن
مـــن مـــوبتەلای دەرد مـەست مـەفتوونم
جـــانشین جـــای «قـــەیس» مـــەجنوونم
تـــۆ جـە عـەشقی کـێ وێـڵی و دێـوانـە؟
شـــەوان بـــێداری نـــە جـــای وێـــرانـــە
خۆزگە پێت سـەد جـار دەردیـن دڵـڕێش
وە جەستەی من نیت جەور و جەفا کـێش
تـــۆ هـــەر نـــە خـــەیاڵ جـای وێـرانـانی
بـــــێباک و لاقـــــەید تـــــیر و تـــانانی

درێـــغا مـــنیش وەی‌گشت داخـــەوە
وە داخ ئـــەو شـــەم شـــەو چـــراخـــەوە
شـــەو خـــەریک کـونج جـای مـاتەم بیا
شـــەوانـــیچ نـــە بـــەزم شـادی شـەم بـیا

***

(٤)

بێزیای هۆزان

بـــێزیای هـــۆزان، بـــێزیای هـــۆزان
هـا بـیم وە مـەجنوون بـێزیای هـۆزان
ئـــەگـــەر وە ئـــەو زام بـیان دڵســوزان
مەگەر نە هـەردەی (نـەجد)م بـدۆزان
ئـــەر یـــاران یـەکـێ ئـەو یـادم ئـاران
یا هەم جـە هـەردان یـا جـە کـۆساران
هەر جاێی مەقام ماوای مـەجنوون بـۆ
مەنزڵگەی مەجنوون مات مەحزوون بۆ
ئەو مەنزڵ مەقام ئەو مەسکەن جـامەن
ئەو ماوا و مـەکـان یـوورت مـاوامـەن
جە هەر جاێـی خاک زەمین پڕ نەم بـۆ
جە هەر کۆ کۆمەی وەحشیان جەم بـۆ
ئـەو جـا جـای سـەیلان گـریان مـنەن
ئـــەو کـــۆمە کـــۆمەی دیـــوان مـــنەن

هـەر سـەنگێ جـێگەو دەس یـارم بـۆ
یاران هەر کـەس یـار غـەمگوسارم بـۆ
ئـامانت هـەواڵ مـن بـپەرسان جـێش
مـەر ئـەو بـواچـۆ حـاڵ وێـڵیم پـێش
ئـــەر بـــەی نشـــانان نشـــانم نـــەبۆ
ئـــاقاری جـــە یـوورت وێـرانـم نـەبۆ
تـــاقی بـــزانـــان بـێشەرت و شـوونم
بێ‌سەودا جە فکر سەودای مـەجنوونم

***

(٥)

جەو راگوزەردا

جـــــەو ڕاگـــوزەردا، جـــەو ڕاگـــوزەردا
یـــەک ڕۆ جـــە «لێـلاخ» جــە وڕاگـوزەردا
دیم «شەم» خەفتە بێ جە سوب سەحەردا
ئەگریجە و زوڵفان پـەخش بـی وە بـەردا
ئەگـریجە و زوڵـفان بـووک تـاووس بـاڵ
پەخش بی نـە دەور گـۆنای گـوڵ مـیساڵ
منیش پـەی ئـیحسان ئـەوسا جـەو دەمدا
ئـــەگـــریجە و زوڵـفش شـانام وە هـەمدا
ئـــــاوەردم پـــــەی وێـــم وە دەوان دەو
زانام سوودش هەن پەی بێ خـاوی خـەو

فدای نـەسیم بـام عـەطر شـەم پـێش بـێ
ئـەمشەو زامـانم یـەک یـەک سـاڕێژ بـێ
نـــــەسیم نـــاوەردای دەوا پـــەی دەردم
بێ شـەک جـە دوری ئـەو مـن مـەمەردم

***

(٦)

جەی شۆڵەی «شەم»ە

جەی شۆڵەی «شەم»ە، جەی شۆڵەی «شەم»ە
ئـــەی بـــارەکـەڵڵا جـەی شـۆڵەی «شـەم»ە
جـــەی نـــوور مـــونیر چـــەرخ چـوارەمـە
جـــەی شـــەوق جـەماڵ مـای دوو هـەفتەمە
جـــــەی تـــاق مـــیحراب ئـــەبرۆ کـــەمانە
جـــەی مـەودای مـوژگان مـەست قـەترانـە
جـــــەی ســـیم «ئـــەنف» ئـــەلف نگـــارە
جـــەی گـــۆنای گـــوڵبێز گـــوڵ و گـــوڵزارە
جـــەی زوڵـــف کـــەمەند دڵان پـــێ گـــیرە
جەی حـەڵقەی تـەناف گـێسوو و زەنـجیرە
جـــەی لەعـــل لەبـــان پــڕ جـــە گـەوهەرە
جـــــە ڕاز ڕازان ڕێـــــزەی شـــــەکـــــەرە
جـــەی چـــای زەنـــەخدان شـێوە شـیرینە
جـــــەی «زنـــج» زیـــبای تـــۆپ زێـــڕینە

جــەی مــینای بــلوور مـەملوو جـە بـادە
جــەی ســاقی گـەردەن سـوراحـی سـادە
جــەی نــیم‌نیگای نــاز ئــەو نــازفرۆشە
جـــــەی گــــۆشواران ئــــاوێزای گــۆشە
جـەی جـفت قـەندیل چـەمان جـە نـوورە
جـــەی ســـەدر ســینەی ســفید بــلوورە
جــەی سـام سـەنگین ئـی سـام سـەنگینە
جـەی «ســاعد» سـیم پـەنجە ڕەنگــینە
جــــەی ڕام خــــاو ڕەفت غــــەزاڵــە
جەی «کەتف» و «کەمەر» ئـاهووی بـەرماڵە
جــەی «چــەم» غــەزەب شــیرین نگـارە
جــەی «نــاف» مشکــین ئــاهوو تــەتارە
ڕوو تەرح تەسویر سەنعان کـەرد جـە دیـن
وەڵــڵا مــەر شــێوەی گــوڵئەندام چــین
چــەن ئــەیام ســەردار سـەوڵان تـەڕ بـۆ
ئــەسپەردەی ئــیمام زامــن خــەبەر بــۆ

***

(٧)

چراغم ئاوان

چـــراغــم ئــاوان، چـــراغـــم ئــاوان
ســـەرزەمین وە زەوق دیــن تــۆ ئـاوان

باڵات سەنگەرچەی نەوتووڵ ساوان
ساوای گوڵستان (جنّةالمأویٰ)ان
گێسووت بەڕەزای پەخش پای کاوان
زوڵفت ئەگریجەی باڵ «بەط» ئاوان
یا چون چنووران نە سەر کڵاوان
چابوکی وازان نە دەور چاوان
دیدەت چون دیدەی ئاهووی بەر تاوان
گونات گوڵغونچە جە نۆ شکاوان
لیمۆت گوڵ وەدەم هێمای نەیاوان
نمناکەن وە عەتر شەوبوێ شەتاوان
خاڵ نوختە سۆسەن پای خورەتاوان
من جەو خاڵە دەرد مەجنوون پێم یاوان
نەمام نەوخێز نازدار باوان
تۆنی شای سۆسەن نە سەر سەراوان
هیچ کەس نزاکەت نازت نەتاوان
هەر یەک من نەبۆ شای چەم سیاوان
من وێڵم پەی تۆ سوب تا خورئاوان
کاوان، کڵاوان، گشت وە من ئاوان
جەوساوە وە نێش نیگای تۆ کاوان
شەوان حەرامەن جە دیدەم خاوان

شــەو تــا ڕۆ چــەنی بــەخـت وێـم داوان
جام هــانه ســەر فــەرق قــوللەی کــڵاوان
فدای دیــدەت بــام شــای چــەم ســیاوان
ڕەحمێ کەر وەحاڵ بـەندەی بـێ تـاوان

***

(٨)

چراغم بیڕام

چــراغــم بــیڕام، چــراغــم بـیڕام
فــەڵەک بــێمەیلەن، بــاوانت بـیڕام
تۆ «لەیل» قـەدیم مـن «قـەیس» ئـەییام
چون مـەبۆ حـاسڵ عـومرم وا بـه کـام
ئـەر وە سـەر رازیـن سـەر نـه پـاشانم
گیان وە سـەر تـوفەیل خـاک ڕاشـانم
ئـەر مـاڵ مـەسۆزان مـن بـێ مـاڵەنان
مــەجنوون مـوفلس خـەم خـەیاڵەنان
غەیر جەسەودای عەشق دین تۆ دیدەم
ڕابەر نـیم وە هـیچ ئـەی بـەرگوزیدەم
ئـەر وەلای حـاکـم داد وێـم بـەروون
داد و بێداد جه دەست باوانت کەروون
تەرسوون حەکایەت «نەوفەل» بدۆ سەر
تۆ شــاد وە بـاوان مـن هـەر دەربـەدەر

ئـــەرنا گـــارۆێی نـــە کـــۆچ خـــێڵدا
وێـڵبای وه مـاوای مـەجنوون وێـڵدا

هۆرداroوت بە ڕووت بـەو جـامازەوە
بـەو جـاماز خـاس پـڕ جـیازەوە

مەترسوون کـە نـام نـیکیت نـەنگ بـۆ
جەو بـابەت زووان بـا بـۆت لەنگ بـۆ

قـەوم و قـەبیلەت گشت بـەدنام مـەبۆ
من جەوان بـەتەر ڕیسـوای عـام مـەبۆ

ئەر سـەد بـێماڵم بـێپارە و بـێپووڵ
مـن یـانە هـیچ کـام نـەدارۆ قـەبووڵ

هەر تا زندەنان جە ڕووی سەر بیسات
دایـم وە مـەیلت مـەکـەرۆ قـنیات

خۆفم هەن جە جەور چەرخ بێ ڕامـی
پـەیدا بـۆ پـەرێت (ابـن‌سلام)ی

ئـەوسا دوبـارە زامـم خـەتەر بـۆ
ئـی داخـیچ وە بـان داخـان تـەر بـۆ

***

(٩)

چراغم نەسەر

چـراغـم نـە سـەر، چـراغـم نـە سـەر
هەر من نیم سـەودای عـەشق تـۆ نـە سـەر

قـیْبلەم گشت عـالّەم جـە مـن زیـادتەر
نـەسەودای عـەشقت ویْـلّەن دەربـەدەر
وە هـەرجـا مـەشۆن هـەر بـاس تـۆ بـیْ
هـەر کـەس دیـم نـە فکـر هـەراس تـۆ بـیْ
نـامت نـە دەفـتەر دڵـبەران تـاجەن
شـاهان حـەسرەتمەند، گـەدا مـوحتاجەن
چـەن مـوسڵمانت وەنـاحەق کـوشتەن
نـیگات نـە جـەرگ چـەند بـیْدڵ نـیشتەن
چەند مورشید شەیدا، چەند سـۆفیان مـات
ماتن نە سـەودای عـەشقت گشت خـیْلات
«فەقیْ»ت رسوا کـەرد، «مـەلاّ» سـەرگەردان
«دەرویْش» دڵـریْش ویْـلّەن نـە هـەردان
پـەروانـە دەسـتوور بـولْبولْ شـەیداتـەن
دڵـەی دەردەدار هـەر نـەسەوداتـەن
قیْبلەم چون تەسویر تەرسای جـام جـەمین
شـیْخ «سـەنعان»ت وەرگـەڕا جـە دیـن
خـوداوەنـد ئـەو ڕۆ حـوسنیْ وە تـۆ دا
سـۆفیان سـاف گشتدا وە کـۆدا
جە چەمەن هەی داد، نـە سـەحرا هـەی ڕۆ
داد و بـیْدادەن گـرد نـە دەس تـۆ

نــە خــێڵان غــەوغا، نـە شـاران شـۆرەن
هەر کەس دیم هەر دیم تۆشەش زەروورەن
ئــەر فــەرهاد ئـەر قـەیس بـزانـان خـەبەر
دووبارە جە خـاک «ئـەڵحەد» مـەدان سـەر
مــــەێون وەی غـــــەوغای قـــیامەتەوە
وە ســــــەیر بــــاغچەی ئـــیقامەتەوە
تـــا کـــە زنـــدەنان شـــای شــەم جـــەمینم
دێـــوانـــــە و غـــــەمبار دڵ مــــاتەمینم

＊＊＊

(١٠)

چۆڵ نشینە خۆم

چـــۆڵ نشـینە خـۆم، چـۆڵ نشـینە خـۆم
چون «قەیس» مەجنوون چۆڵ نشینە خۆم
بـــەخت ســـیاوشوم دڵخـــەمینە خـــۆم
مــەحرووم دیــدار دنـیا و دیـنە خـۆم
ئـــەرامـــەندەی دوور بـــێ دیـانە خـــۆم
ڕەفـــیق وەحشـــی وێـران یـانە خـــۆم
ســـــەرسام ســـادا زەدەی دێـوە خـــۆم
پـا بـەست زەنـجیر مـەکـرو ڕێـوە خـۆم
دوور کـــەفتەی وەتـــەن هـەراسـانە خـۆم
مەحرووم مـەجلس گشت خـاسانە خـۆم

سـەر تـاپا سفتەی کـورەی نـارە خـۆم
دڵ پـارەی قـوللاب نـێش و خـارە خـۆم
قامەت خەمزەدەی ڕیسـوای عـامە خـۆم
شـەیدای بـێهوش عـەقڵ و فـامە خـۆم
وە تـیر تـانەی نـاکـەسانە خـۆم
دوسـتاخ هـەردەی کـوردستانە خـۆم
مـەحبووس زەنـجیر خـەیاڵانە خـۆم
مـایەی فکـر و هـۆش وە تـاڵانە خـۆم
ڕوو زەردی دیـوان هـامسەرانـە خـۆم
گـیرۆدەی مـەینەت دڵگـرانـە خـۆم
بێقەدر و قیمەت جە لای «نـاس»ە خـۆم
«تەن» لوخت و عوریان بێ کـراسـە خـۆم
گـیرۆدەی فـەرەنگ تـازە دیـلە خـۆم
کـەشتی شکـستەی بـەحر «نـیل»ە خـۆم
مـایەی لاو بـەردی بـێ هـاوماڵە خـۆم
دڵ سـیاو قـەقنەس کـۆی زوخـاڵە خـۆم
شەرمەندەی عەشرەت سەرئەفکەندە خۆم
ڕووسـیای دەرمـاڵ خـودا بـەندە خـۆم

***

(١١)

خەسرەو خەیاڵێ

خــەسرەو خــەیاڵێ، خــەسرەو خــەیاڵێ
ئاخ پەی خان خاس خــەسرەو خــەیاڵێ
صـــــاحێب ســــپاوسان دارا ئــێقباڵێ
مــوهەییا نــە گــەنج خـــەزێنە و مــاڵێ
بەخشەندەی بـێباک کـۆی کـەرەم بـەیا
صاحێب شەوق و ذەوق دڵ بێ غەم بەیا
بـــا مــــاوە شکـــار ســـەر دیـــاراندا
وە مـــاوای مــــەجنوون ڕۆزگـــاراندا
بـــدیا وە جـــەستەی خـــەم پـێ وارامدا
وە کــۆمەی دیـــوان وەحشــی سـارامدا
وە ســـەیل ئــەسرین دیـــدەی تــارمدا
وە دەرد دەروون ئــــــــەندۆبارمدا
وە عــوریانی «تــەن» تـەنیای تـاکـمدا
وە ســـەنگ بـــاڵین خـــەفتەی خـاکـمدا
وە ســـەرگەردانـــی ســـەحرای چـۆڵمدا
وە عـــاسا و کـــەشکۆڵ پــۆس کـۆڵمدا
وە ئـــــاە و نـــاڵەی شـــەوان تــا ڕۆمدا
وە زایــەڵەی ســـەخت شـین بـێشۆمدا

وە پەشێوی بەخت شوومی چارەمدا
وە زوخا و زام جەرگ پارەمدا
وە بڵێسەی بەرزگڕ تیٚ بەستەمدا
وە خەستەی خاتر خار جەستەمدا
بەزەییش باما وە جەستەی حاڵم
بزاناش کوشتەی کامین نەوهاڵم
جە کێوەن خاتر خەستەم گرتەن خەم
سفتەی سۆزانم چون پەروانەی شەم
سەرمایەی عەقڵم کیٚ کەردەن غارەت
کام دڵبەر بەردەن وە یەک ئیشارەت
بەڵێ ئەو خەیاڵ «نەوفەل» نە دڵ بەرد
گیان وێش هیلاک ژار قاتڵ کەرد
نەکەردا ئەو فکر ناوەردا نە دڵ
نەشیا نە سەودای خەیاڵ باتڵ
یا وە گەنج و ماڵ یا وە زۆر وێش
